https://doi.org/10.54809/jkss.vi5.158

گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# سرووشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردیی دا (Pukmedia_Speda) بە نموونە

**نەجات مستەفا خدر(نەجات روستی)**

Najatrosty7272@gmail.com

**پ.ی.د. یەحیا عومەر ڕێشاوی**

Yahya.fatah@spu.edu.iq

**بەشی میدیا- کۆلیژی کارگێریی کار-زانکۆی پولیتەکنیکی سلێمانی**

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵی هەڵسەنگاندن و دۆزینەوەی کاریگەرییەکانی هونەری نووسین دەدات بۆسەر میدیای ئەلیکترۆنیی کوردیی لە ڕێی داتا بەردەستەکانی هەردوو ماڵپەڕی ئەلیکترۆنیی speda – pukmediaەوە، بەرتوێژانی ئەو دەستگایە کراون بە ئامانج و، نموونە پشکنینی (سامپڵ)ی هەڕەمەکیی بەکارهێناوە و لە میتۆدێکی وەسفیی رووپێویی شیکارییدا ئەنجامەکان لە شرۆڤەیەکی شیکارییانەدا بەردەستکراون. ڕەهەندە سەرکییەکەی توێژینەوەکە لە ڕێی ڕاپرسییییەکەوە، کە سرووشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیای ئەلیکترۆنیی دادەڕێژێت، کە دە پرسیار لەخۆدەگرێت بۆ هەڵگرتنی شەقڵی هونەریی نووسین لەو کارە میدیاییانەدا، وەک: گەشەی زمان، ڕێنووس و خاڵبەندیی، ڕێنمایی نووسین بە میدیاکاران، ستانداردێتیی زمانێکی یەکگرتوو، زارەکانی زمانی کوردیی یان زمانی ناوچە و دەڤەر، دەستەواژە و زاراوەی جگە کوردیی، بێلایەنیی فەلسەفییانەی سایتی میدیایی. لە گرنگترین دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکەش، سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان نەبوون بە هۆی گەشەدان بە زمانی کوردین و ڕێنووس و خاڵبەندییەکەی و هەردوو پرسەکە بە ئەنجامی (لەگەڵیدانیم) ڕێژەی (٥١.٢٢٪) بۆچوونکراوە، ئەوە ساغنەبۆتەوە ئایا زمانی ئەدەبیی زاڵە یان نا و هەردوو بۆچوونەکە (دڵنیانیم) ی لێ کەوتۆتەوە بە ڕێژەی ٤٠.٢٥٪ و ٤١.٤٧٪ ، سەرەڕای ئەوەی ٤٢.١٢٪ ڕای وایە کە ڕێنمایی پێویست دەدرێتە میدیاکاران بۆ نووسین کە زیاتریشە لە ٣٠.٤٩٪ کە پێی وایە ڕێنمایی نادرێت پێیان. زۆرینەی خەڵکی لەوەدا کۆکن بە ئەنجامی (لەگەڵیدام) کە پێویستە هەردوو زاری کرمانجیی باکوور و باشوور بەکاربهێنرێن لە میدیادا. نزیکەی ٧٣.٤٪ ی بەرتوێژان پێیان وایە زمانی یەگکرتوو نییە لە میدیادا و بەم پێیەش ٨١.٦٪ ی دەنگدانەکان، پێیانوایە یەکخستنی زمانی نووسین و داڕشتنی پەیامە میدیاییەکان لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان دا بەیەك شێواز کارێکی زۆر پێویستە. دەستەواژەی نامۆ مایەی پێشوازییکردن نییە لای بەرتوێژەکان و پێیان وایە نابن بەهۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردیی. ڕێژەی دەنگدان بە دڵنیانەبوون زۆرترە لە ئەرێ و نەرێی (ئەم دووانە نزیکترن لە یەکترییەوە) بۆ ڕەنگ نەدانەوەی فەلسەفەی سیاسیی سایتەکان لە پەیامە میدیاییەکان دا، کە زیاتر ئەوە دەگەیەنێت کە میدیای کوردی لەژێر کاریگەرییەکی بەرچاوی سیاسییدایە.

**کلییلە وشەکان: هونەری نووسین، نووسینی میدیایی، زمانی میدیایی، دەستەواژەی نامۆ، زمانی جگەکوردیی لە میدیا.**

Recieved: 2/8/2022
Accepted: 1/9/2022



E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

# پێشەکیی

پێشـکەوتن و گەشـەی بەردەوامـی تەکنەلۆژیـا و ئاوێتەبوونـی کەلتـوور و زمانی هاوبەشـی گەلان، هۆکارێکی سـەرەکیی خێرابوونـی پەیوەندییکردنـە لـە نێـوان تاکەکانـی کۆمەڵگەکانـدا، لـە ڕێـگای ئامـرازە ئەلیکترۆنییەکانـی پەیوەندییکـردن و تـۆڕە کۆمەلایەتییەکانـی ئینترنێتـەوە. میدیـا وەک ئامرازێکـی پێوەندیـی جەماوەریـی ڕۆڵێکـی گرنـگ دەگێڕێـت لـە کۆمەڵگـەی نوێـدا، بـە بەردەوامیـی شرۆڤـە و بـاس و خـواس دەگوێزێتـەوە لـە ڕێـی وشـە، وێنـە، ڕەنـگ، جووڵـە و دەنگییـەوە. ئـەم ئامرازانـە وەک یـەک دەسـتەوارەی میدیـای بەدیهێنـەری نامـەی میدیایـان لـە کۆمەڵگەیەکـدا بـە تایبەتیـی و کـۆی کۆمەڵگەکانیـش بـە گشـتیی، لـە ڕێـی ئـەو مانا هاوبەشـانەی دەیگۆڕنـەوە و دەیگوێزنـەوە لەبـارەی ژیانـی مادیـی و مەعنەویـی کۆمەڵگەکانـەوە. (مسـارع الـرواي، ١٩٨٤).

یەکێـک لـە پایـە سـەرەکییەکانی پیوەندیـی میدیـا و خەڵـک، بریتییـە لـە کارتێکـردن و کاریگەربـوون کـە لـە زۆر لـە لێکۆڵینـەوە سـیمیۆلۆجییە میدیاییەکانـدا پێیانوایـە کـە زمانـی میدیایـی بـە نووسـین و ئاخاوتـن هێـزە زینـدووە کاریگەرەکەیەتـی، کـە بەهۆیـەوە هـزر و مەبەسـت و داخوازییـەکان دەگوێزرێتـەوە و، هـەر ئەمیشـە دەبێـت بـە ڕێگریـی لـە بەرهەمهێنانـی ئـەو پێوەندییـەدا (نـصر الديـن لعيـاضي ١٩٨٧، ل٨ )

هەروەهـا، لای فیلیـپ گایـار، سـیمای بنەڕەتیـی نووسـینیی پەیامـی میدیایـی و ڕۆژنامەگەریـی بریتییـە لـە سـەلامەتیی زمـان بـە شـێوەیەکی روون و بـێ گـرێ و گۆسـاڵ. گایـار ئـەم سـەلامەتییە ڕووندەکەتـەوە لـە ڕێزمانزانیـی، هەڵبژاردنـی وشـە و دەسـتەواژەکان، خاڵبەندیـی درووسـت. پێیوایـە، کـە نووسـینی ڕێنووسـی هەڵـە زۆرجـار دەبێـت بـە مایـەی گوێزانـەی مانـا و بەهەڵدابردنـی خوێنـەر یـان بیسـەر کـە زۆرجاریـش خـراپ دەشـکێتەوە.

بێگومـان، زمـان لـەو دەقـە مێژووییـەدا چەقنابەسـتێت، بەڵکـو شـارەزایانی بـواری نووسـینی میدیایـی ئـەو جیاوازییـە ئاشـکرایەی نێـوان زمانـی سـتاندەرد -کـە زمانێکـە بـە ئەدەبیـی نـاسراوە- و زمانـی میدیایـی ڕووندەکەنـەوە، کـە پێیـان وایـە زمانـی میدیایـی زمانێکـی نوێیـە و لەگـەڵ پەرەسـەندنی میدیادا ئەویـش هەتا بێت برەوەدەسـێنێت و سـەربەخۆیی خـۆی وەرگرتـووە. بۆیـە، زمانێکـە لـە سەرانسـەری کۆمەڵگـەدا لـە نێـو خەڵکەکەیـدا بڵاوبۆتـەوە بـە هەمـوو دەسـتەواژە و زاراوەکانییـەوە، کـە بەرپـەرچ و شـکانەوەی کاریگەرییـە کۆمەڵایەتیـی و سیاسـیی و کەلتوورییەکانیەتـی. (سـامی الشريـف،٢٠٠٤ ،ل٣٣ ). لێـرەوە، ئـەم زمانـە کارتێکـراوە بـووە، بـە تێپەڕبوونـی کات و بـرەو و پێشـکەوتنی تەکنۆلۆجیـا، کـە زۆر خێرایانـە دەسـتی تێوەرداوەتـە نـاو وردەکارییەکانـی ژیانـی ڕۆژانـە و کەلتـوور و سیاسـەت و بازرگانییـەوە و، بەجۆرێکـی وەهایـە کـە دەسـەڵاتێکی گـەورەی ڕادەسـتی میدیـا کـردووە، کـە بتوانێـت لەگـەڵ هـەر پێشـکەوتنێکی تەکنۆلۆجیاییـدا ئەویـش لەڕێـی زمانێکـی شایسـتە و هاوتایـی و هەژموونـەوە، ئەمیـش ئامادەییەکـی بارتەقـای هەبێـت.

بۆیـە، نووسـین بـۆ خـۆی لـەو بوارانـەدا کـە تەکنۆلۆجیـا دەیانهێنێـت، ڕۆڵـی خـۆی هەیـە بـۆ سـەپاندنی ئـەو هەژموونە بـە هـەر بارێکـی ئەرێنیـی و نەرێنیـی دا، بۆیـە پرۆسـەی ڕاگەیانـدن لـە زنجیرەیەکـی پێوەسـتدایە، هـەرکات لـە ئەڵقەیەکیـدا شـلبوونەوەیەک ڕووبـدات هەمـوو زنجیرەکـە پێـوەی شلوشـۆڵ دەبێـت، نووسـەر، خوێنـەر، گوێگـر، نامـە، ئامـرازی گەیاندنەکـە، هەموویـان ئـەو زنجیـرە بەردەوامـە پێکدەهێنـن. ئەمەیـە کـە بـووە بـە ئەرکـی ڕاگەیانـدکار یـان دەسـتگای ڕاگەیاندنـی پێشـکەوتوو و کاریگـەر بـۆ کێبڕکێـی میدیایـی و بـۆ زاڵبوونـی بەسـەر کۆمەڵگـە و کەناڵەکانـی تریـدا. (راضيـة قـراد، ٢٠١٧،ل٩٤)

لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـەو پێیـەی کـە میدیای کوردیـی نزیکەی سـی سـاڵە لەکاردایـە، پەرتەوازەییـەک بەدیدەکرێت لـە ئـەدا و لـە ڕەنگدانەوەکانییـا لـە ژیانـی کۆمەڵگـە و حوکومڕانیشـدا، یەکـەم بەهـۆی نەبوونـی زمانـی سـتاندەردی

کوردیـی یـان یەکگرتـوو ودووەمیـش دواکەوتنـی سـەرهەڵدان و جێخۆشـکردنی زمانـی میدیاییـەوە. بۆیـە بـە بەشـداریی هـەردوو رەگـەزی نێـر و مـێ، بـەڵام بـە تێکەڵییـەک لە ئاسـتەکانی خوێنـدن ( رشـتەکان بە گشـتیی و رشـتەی راگەیاندن بـە تایبەتیـی) و، گۆڕانـی بەردەوامـی خوێنـەر و بیسـەری ئـەم میدیایـە لـە کوردسـتان دا، پێداویسـتییەکی گرنـگ لـە ئارادایـە بـۆ جێبەجێکردنـی توێژینەوەیەکـی بابەتیانـە بـۆ هەڵسـەنگاندن و شـیکردنەوەی کاریگەریـی هونـەری نووسـینی کوردیـی راگەیانـدن دا لەسـەر ئـەدای راگەیانـدن خـۆی و کۆمەڵگـەی کوردیـی. بـۆ ئـەم مەبەسـتە هـەردوو ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنـی کورتکـراوە بـە (Pukmedia–Speda) بـە نموونـە پشـکنیین (سـامپڵ) بـۆ ئـەم توێژیینەوەیـە، بـەو پێیـەی کـە کاریگـەرن لـە نێوەندیـی میدیـای کاریگـەر لـە کوردسـتان دا.

توێژینەوەکـە لەجـۆری وەسـفیی و بەپشـت بەسـتن بـە میتـۆدی شـیکاریی نـاوەڕۆك، رووپێـوی جێبەجێکـراوە، لەپێنـاوی گەیشـتن بـە چارەسـەری ئامانجـی توێژینەوەکـە، لـە بەرجەسـتەکردنی شـەقڵ و ئـەدای نووسـینی پەیامـی میدیـای ئەلیکترونیـی کوردیـی، پاشـان تیشـك خستنەسـەر شـێوازەکانی نووسـین و هەڵسـەنگاندنی پەیامەکانـی میدیـای کوردیـی بەشـێوەی پراکتیکیـی.

توێژینەوەکـە لـە چـوار بەشـی سـەرەکیی پێکهاتـووە، بەشـی یەکـەم :چوارچێـوەی توێژیینەوەکـە، بەشـی دووەم: هونـەری نووسـینی میدیایی،چەمـك وپێناسـە، مێـژووی هونـەری نووسـین، چەمکـی میدیـای ئەلیکترۆنیـی، فاکتەرەکانـی گەشـەکردنی میدیـای ئەلیکترۆنـی. بەشـی سـێیەم لایەنـی کرداریـی و مەیدانـی تویژینـەوە. لـە بـاسی پراکتیکیـی دا شـیکردنەوە بـۆ داتـاکان و وەڵامـێ راپرسـیییەکانی ئـەو رەهەندانـە کـراوە کـە لـە مـاوەی توێژینەوەکـەدا وەک پرسـیاری راسـتیینەیی وەرگیـراون، لەگـەڵ خسـتنەڕووی دەرئەنجـام و راسـپاردە و پێشـنیار بـۆ بەرچاوڕوونـی و زانیاریـی زیاتـر دەربـارەی راوبۆچوونـە جیـاوازەکان و دارشـتن و نووسـینی پەیـام لـە میدیـای ئەلیکترۆنیـی کـوردی.

# بەشی یەکەم : چوارچێوەی توێژیینەوەکە

## ١.تایبەتمەندییەکانی توێژیینەوەکە

دیاریکردنـی کێشـەی توێژینـەوە، بەیەکێـك لـە گرنگتریـن ئـەو هەنگاوانـە دەژمێریدرێـت کـە رووبـەڕووی توێـژەر دەبێتـەوە، بەوپێیـەی ئـەم هەنـگاوە پێویسـتی بەگـەڕان و بەدواداچـوون و هەڵبژاردنێکـی درووسـتە (عبیـدات والسـید، ٢٠٠٢، ل٢٩) هـەر توێژینەویـەك، کـە بەجێدەهێنرێـت بەهـۆی بوونـی گرفـت و کێشـەیەکەوەیە کـە توێـژەر لـە یەکێك لـە بـوارەکان دیاریـدەکات، بـۆ ئـەوەی توێژینـەوەی لەسـەربکات بـۆ خسـتنەڕوو و چارەسـەرکردنی کێشـە و گرفتـەکان، هـەر بۆیـە گرفتـی ئـەم توێژینەوەیـە قسـەکردنە لەسـەر( شـێواز و سرووشـتی هونـەری نووسـین لەمیدیـای ئەلیکترۆنیی کوردیـی دا)، لێـرەوە توێـژەر دەیەوێـت وەڵامـی ئـەم پرسـیارە سـەرەکییانە بەدەسـتبهێنێت: ئایـا ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان چ قالبێکـی نووسـین بەکاردێنـن؟ بـە چ شـێوازێك پەیامـە میدیاییەکانیـان دادەڕێـژن؟ چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو بابـەت و ژانـرە رۆژنامەوانییانـە دەکـەن کـە لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـەکان بڵاودەکرێنـەوە؟

ئـەم توێژینەوەیـە کۆمەڵـێ ئامانجـی سـەرەکیی لەخۆدەگرێـت؛ گرنگترینیان پێوەسـتن بە خسـتنەڕووی شـێوازی نووسـین لـە ماڵپەڕەکانـی ئینتەرنێـت و ئاشـناکردنی خوێنـەران بەگشـتیی بە نووسـین لە میدیـای ئەلیکترۆنیی دا و، دەسـتگیرۆیی لایەنـە پێوەندییـدارەکان و ئەکادیمایایـەکان بـۆ تێگەیشـتن و بەکارهێنانـی پیشـەیی بابەتـە رۆژنامەوانیـەکان، لـەرووی رێنـووس و قاڵبـی هونـەری نووسـین بـە زۆرێـک لـە تەرزەکانـی دارشـتنی هـەواڵ و ریپۆرتـاج و شرۆڤـە مەیدانییـەکان. ئەمانـە هەمـووی لـە رێـی بەهەندوەرگرتنـی بابەتیـی و پیشـەیی لەسـەر هـەردوو ماڵپـەڕی (Pukmedia–Speda)

کـە نموونـەی سـامپڵی توێژینەوەکـەن. لـە سـۆنگەی ئـەوەوە کـە ئـەم توێژینەوەیـە ببێـت بـە سـەرچاوەی سـوود و بایەخـی دەسـتگا حوکومیـی و تایبەتـەکان بـە هەمـوو تایبەتمەندیـی پیشـەیی و کارگێڕییەکانیـەوە، پێداگیرییکـراوە کـە ئەنجامەکانـی بـبن بـە سـەرچاوەیەکی زانسـتیی گرنـگ بـۆ ئـەو توێژینەوانـەی لـە بـواری هونـەری نووسـین و تایبەتمەندییەکانـی میدیـای ئەلیکترۆنیـی کوردیـی بەجێدەهێنرێـن و ،ڕێخۆشـکردنێکی گشـتگیر بـۆ یەکخسـتنی شـێوازی نووسـینی ژانرەکانـی ڕۆژنامەوانیـی و بـە سـتاندەردکردنی زمانـی نووسـین لـە ماڵپـەڕە کوردییـەکان دا .

دواجـار، گرنگیـی ئـەم توێژینەوەیـە بـۆ کۆمەڵگـەش، ئاشـناکردنی چیـن و توێـژە خوێندەوارەکانـی نێـو کۆمەڵگـە، بـە دیـرۆك و قۆناغەکانـی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی میدیـای ئەلیکترۆنیـی و، بوونـی بـە هاندەرێـک بـۆ تاکەکانـی کۆمەڵگـە، هەتـا توێژینـەوەی زیاتـر لەبـارەی میدیـای نـوێ بکرێـت، بـۆ بەکارهێنانـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان بەشـێوەیەکی تەندرووسـت و کەمکردنـەوەی کێشـە و گرفتـە کۆمەڵایەتییـە سـەردەمییەکانی کۆمەڵگـە.

## ٢- میکانیزمی توێژینەوە:

لـەم توێژینەوەیـەدا، توێـژەر میتـۆدی وەسـفیی و شـیکاریی بەکارهێنـاوە. ئامرازەکانـی کۆکردنـەوەی زانیاریـی بریتـی بـوون لـە ڕاپرسـیی و شـیکاری نـاوەڕۆك، بـۆ گەیشـتن بـە کۆتـا ئەنجامـی توێژینـەوە. ئـەم میتـۆدە تایبەتـە، بـە بـواری توێژینـەوە بـۆ شـەن و کەوکردنـی ناوەڕۆکـی بابەتـی توێژینەوەکـە. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، کۆمەڵگـەی توێژینـەوەش وەرگرتنـی بەشـێکە لـە کۆمەڵگـەی سـنووری توێژینەوەکـە بەپێـی بنەمـا و شـێوازی زانسـتییانە، کـە دەکرێـت بـە نموونـە پشـکنیینی (سـامپڵ) ی ڕاسـتەقینەی چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە لـە هـەردوو ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی (Pukmedia – Speda) لـە هـەردوو پارێـزگای سـلێمانی و هەولێـر لـە هەرێمـی کوردسـتان، لـە مـاوەی هـەردوو سـاڵی ٢٠٢١-٢٠٢٢ دا. هەروەهـا، سـامپڵی مرۆیـی بـۆ توێژینەوەکـەش، وەرگرتنـی بەشـێکە لـە کۆمەڵگـەی سـنووری توێژینەوەکـە، هەتـا بەپێـی ڕێسـا و شـێوازی زانسـتییانە بکرێـت بـە سـامپڵێکی ڕاسـتەقینەی چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵگـە کـە خـۆی لـە ڕاپرسـیی دەبینێتـەوە بـۆ دەسـتەبژێرێک لـە ڕۆژنامەنووسـانی میدیـای ئەلیکترونیـی کوردیـی بەشـێوەیەکی دیاریکراو و، شـیکردنەوەی ناوەڕۆکـی سـامپڵی وەرگیـراوەی توێژینەوەکـە لەهـەردوو ماڵپـەڕی ئەلیکترۆنیـی (Pukmedia –Speda). بـۆ ئـەم مەبەسـتە، فۆرمـی ڕاپرسـیی و چاوپێکەوتنـی زانسـتیی و تێبیینکردنـی پیشـەیی و هونەریـی و زانسـتیی لـە هەمـوو ڕەهەندەکانـی نووسـینی میدیایـی و پاشـان شـیکردنەوەکان لـە خشـتەی پێویسـت و ناونیشـاندارادا داڕێـژراون. ئـەم توێژینەویـە پرسـیارگەلێکی گرنـگ و ئامانجـدار لەخۆدەگرێـت، کـە پێوەسـتن بـە دیارییکردنـی شـێواز و جۆرەکانـی نووسـین و قاڵبەکانـی نووسـین بەتایبەتیـی بـۆ کەناڵەکانـی میدیـای ئەلیکترۆنیی و، دەستنیشـانکردنی کێشـە و گرفتەکان و ئەگـەر و گونجانی چارەسـەرکردنیان.

بـە مەبەسـتی دروسـتیی داتـا و شـیتەڵکارییەکان، داتـاکان خراوەنەتـە بـەردەم پسـپۆڕانی ئـەم بـوارە (١) و هـەردوو هاوکۆلکـەی ڕواڵەتیـی و جێگیریـی، بـە بەکارهێنانـی هاوکێشەی(هۆلسـتی) دۆزراونەتـەوە، کـە هاوکۆلکـەی دروسـتیی بریتییـە لـە(٠،٨٠٣ ) و، لـەڕووی زانسـتییەوە بـە ڕێژەیەکـی پەسـندکراو دادەنرێـت لـە لایـەن پسـپۆڕەکانەوە. بڕوانـە خشـتەی (١)

## ٣-توێژیینەوە پێشووەکان

لـەدوای گەڕانـی توێـژەر بـەدوای توێژینـەوە زانسـتییەکان لـە ناوخـۆ و دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، دەرکـەوت ژمارەیـەك توێژینـەوە بـە زمانیـی کـوردی، لەگۆشـەنیگایی جیـاوازەوە لە بـواری هونەری نووسـینیی میدیـای ئەلیکترۆنیی

ئامادەکـراون، توێـژەر ژمارەیـەك لـەو توێژینەوانـە دەخاتـەڕوو کـە لـە ڕووی تیۆریـی و ئامانجـەوە نزیکایەتیـی و پەیوەندییـان لەگـەڵ توێژینـەوەی ئێسـتادا هەیـە و بەپێـی ڕێزبەندیـی باشـترین و نوێترینـان دەخەینـەڕوو.

یەکـەم: د.ئاریانـا ئیبراهیـم محەمـەد (٢٠٢١)، کاریگـەری شـێوازەکانی نووسـینی هـەواڵ لـە ویبسـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان لەسـەر تێگەیشـتنی خوێنـەر. زانکـۆی سـەلاحەدین،هەولێر.

ئـەم توێژینەوەیـە بەمیتـۆدی ڕووپێویـی شـیکاریی بەجێهێـنراوە، وەك توێـژەر نووسـیویەتی هەوڵێکـی زانسـتییە بـۆ خسـتنەڕووی شـێوازەکانی نووسـینی هـەواڵ لـە وێبسـایتە ئەلیکترۆنییـەکان دا (ڕووداونێـت) وەك نموونـە و، کاریگەریـی لەسـەر تێگەیشـتنی خوێنـەر، وەك پێوسـتییەکی پیشـەیی کاری ڕۆژنامەوانیـی بەهـۆی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا و ئامرازەکانـی گەیانـدن، شـێوازەکانی بڵاوکردنـەوە و نووسـینی لەخۆگرتـووە، لەڕێگـەی ئاسـتی کاریگەربوونـی وەرگـر، سەرنجراکێشـانی بابەتەکانـی خسـتۆتەڕوو. لـە چوارچێـوەی کارکـردن و یاساورێسـای تایبـەت بەداڕشـتنی هەواڵـەکان و ئاشـناکردنیی خوێنـەرە بـە شـێوازی خسـتنەڕوو. لـەم توێژینەوەیـەدا ئامانجـی سـەرەکیی شـێوازی نووسـینی هـەواڵ، لـە پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان و کاریگەرییـان لەسـەرخوێنەر، کـە لـە چوارچێـوەی میتـۆدی توێژینەوەکـە دەیانخاتـەڕوو: ئایـا شـێوازەکانی نووسـین و قاڵبـی هونەریـی هـەواڵ لـە پێگـە ئەلیکترونییـەکان دا چیـن؟

-جیاوازی هەواڵی ئۆنلاین لەگەڵ هاوشێوەکانی لە ئامرازەکانی تری میدیادا کامانەن؟

دواتـر شـیکردنەوە بـۆ شـێوازەکانیی هـەواڵ لـە پێگـە ئەلیکترونییـەکان و کاریگەریـی لەسـەر خوێنـەر بـە پێـی ڕێبـازی ڕووپێویـی شـیکاریی، لـە ڕێگـەی دابەشـکردنی فۆرمـی ڕاپرسـیی بەسـەر سـامپڵی توێژینەوەکـە، کـە خوێندکارانـی زانکۆیـە خراوەتـەڕوو. ئـەم توێژینەوەیـە بەپێـی ئەنجامەکانـی توێـژەر پێـی گەیشـتووە، دەرکەوتـووە شـێوازی نووسـینی هـەواڵ لـە پێگـە ئەلیکترونییـەکان دا، شـێوازێکی تایبەتیـان هەیـە، ڕاسـتەوخۆ کاریگەریـی هەیـە لەسەرتێگەیشـتنی خوێنـەر، چەنـد نووسـین کـورت و پوخـت بێـت و بـەش بـەش بێـت لـە دیزاینـدا ئاسـانکاریی زیاتـر بـۆ خوێنـەر دەکات.

دووەم: توێژینـەوەی عەبدولخالـق ئیبراهیـم مسـتەفا (٢٠٢٠) بـە ناونیشـانی(ڕۆڵی پێگـەی ئەلیکترۆنیـی کوردیـی لـە هۆشـیارکردنەوەی جەمـاوەر بـە ئاسایشـی نەتەوەیـی لەجەنگـی دژی داعـش لەهەرێمـی کوردسـتان دا، تێـزی دکتـۆرا، بەشـی ڕاگەیانـدن، کولێـژی ئاداب-زانکـۆی صەلاحەدین-هەولێـر.

ئامانجـی ئـەم توێژینەویـە بریتیـە لەدەستنیشـانکردنی ئـەو ڕۆڵـەی پێگـەی ئەلیکترۆنیـی هەواڵیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان دا، بینویانـە لـە پاراسـتن و بەهێزکردنـی ئاسایشـی نەتەوەیـی لـە کاتـی ڕۆماڵکردنـی جەنگـی دژی داعـش. ئامانجێکـی تـری ئـەم توێژینەوەیـە ڕادەی بەکارهێنـان و پشتبەسـتنی نموونـەی توێژینەوەیـە بـە ئامرازەکانـی میدیـای نـوێ و ئاسـتی متمانـە و تێربوونـی نموونـەی توێژینەوەکەیـە. ئـەم توێژینەوەیـە، توێژینەوەیەکـی وەسـفییە و میتـۆدی ڕووپێویـی میدیایـی وەرگرتـووە، کـە هـەردوو لایەنـی شـیکاریی، میدیایـی لـە خۆگرتـووە. لـە لایەنـی شـیکاریی دا شـیکردنەوەی نـاوەڕۆك بـۆ هەواڵـی دوو پێگـەی ئەلیکترۆنیـی کـراوە( خەنـدان، وK٢٤ )، لەچوارچیـوەی ڕوماڵیکردنیـان بـۆ جەنگـی دژی داعـش، لـە مـاوەی ١-٧-٢٠١٦ تاکـو ٣١-١٢-٢٠١٦. لایەنـی مەیدانیـی، بریتیـە لـە فۆرمـی ڕاپرسـیی، نموونـەی توێژینەوەکـە بریتییـە لـە مامۆسـتایانی زانکـۆ، نووسـەر، ڕۆژنامەنووسـان. لەپـاڵ بەکارهێنانـی ئـەم دوو ئامـرازە سـەرەکییەی کۆکردنـەوەی زانیاریـی، توێـژەر ئامـرازی چاوپێکەوتنـی بەکارهێنـاوە بـۆ دیاریکردنـی ئاسـتی کارای ئامرازەکانـی میدیـای نـوێ، ئامانـج و گریمانـەی ئـەم توێژینەویـە لـە چوارچێـوەی تیـۆری پشتبەسـتن بـە ئامرازەکانـی میدیـا دارێـژراون و سـوود و گرنگتریـن گۆڕاوەکانـی تیۆرەکـە و گریمانەکـە وەرگیـراون. لەگـەڵ بەهەنـد وەرگرتنـی ئـەو گـۆڕڕو لایەنـە نوێیانـەی ئامـرازە نوێیەکانـی میدیـا لەگـەڵ خـۆی هێناونـی. ئامانجەکانـی توێـژەر هۆشـیارکردنەوەی

خوێنـەرە لـە رێـگای شـێوازی دارشـتنی هـەواڵ و گەیاندنـی زانیارییـە لـە پێگـە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا.
سـێیەم: توێژینـەوەی هاوبەشـی (کاوە عزالدیـن عەبدلرحـمان وبەرهـەم خالیـد ئەحمـەدو یۆهـان عوسـمان حمـە حسـین) (٢٠١٦)بـە ناونیشانی(شـێواز و دارشـتنی هـەواڵ لـە ماڵپـەرە ئەلیکترۆنییەکانـدا -ماڵپـەری تـۆری میدیایـی رووداو بـە نموونـە لـە مـاوەی (٢٠-٤-٢٠١٤ تـا ١٥-٦-٢٠١٥) ئـەم توێژینەوەیـە لە گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجـە بڵاوبۆتەوە. توێـژەران میتـۆدی شـیکاریی پێوانەییـان بەکارهێنـاوە بـۆ گەیشـتن بـە ئەنجامـی گونجـاو، لەهەمـان کاتـدا زانیاریـی و داتـای خشـتەکان دەکاتـەوە بـە لێـدوان و هۆکارەکانیـان خسـتۆتەڕوو. ئـەم توێژینەوەیـە فۆرمـی شـیکاریی بـۆ کۆکردنـەوەی زانیاریـی بەکارهێنـاوە، ئامانجـی ئـەم توێژینـەوە وەك توێـژەران ئاماژەیـان پێکردوە، راسـتیی و درووسـتیی لـە بڵاوکردنـەوەی هـەواڵ بـە تایبـەت لـە سـەردەمی ئێسـتای میدیـای ئەلیکترۆنیـی دا، کـە راسـتیی لـە بڵاوکراودنـەوەی هـەواڵ کەمـتر بەدیدەکـرێ، توێـژەران دەیانەوێـت ئـەو گرفتـە بخەنـەڕوو لـە هەمـان کاتـدا شـێوازی درووسـت لـە شـێوازی دارشـتنی هـەواڵ بـە ماڵپـەرە ئەلیکترونیـەکان بخەنـەڕوو. ئامانجـی ئـەم توێژینەوەیـە، ماڵپـەری رووداوە کـە هەتـا چەنـد گرنگیـی بـە هـەواڵ و زانیاریـی دەدات، ماڵپـەری سـامپڵ گرنگیـی بـە هەواڵـە ناوخۆییـەکان دەدات، یـان هـەواڵ بـە گشـتیی هەتـا چەنـد ماڵپـەری رووداو پشـت بـە وێنـەی هەواڵیـی دەبەسـتێ، ماڵپـەری رووداو کام شـێواز بەکاردێنێـت لەدارشـتنی هـەواڵ، کام لـە رەگەزەکانـی هـەواڵ زیاترپشـتی پێدەبەسـترێ. لەکۆتایـی توێژینەوەکـە توێـژەران گەیشـتوون بـەم ئەنجامـە. کـە ماڵپـەری رووداو زیاتـر گرنگیـی بـە هەواڵـی سیاسـیی دەدات، کەمـتر گرنگـی بـە هەواڵەکانـی تـر بەتایبـەت هەواڵـی کارەسـاتی سرووشـتیی دەدات، ماڵپـەری رووداو زیاتـر گرنگیـی بـە میتـۆدی هەرەمیـی هەڵگـەڕاوە دەدات بـۆ نووسـین بـە بـەراورد لەگـەڵ شـێوازەکانی تـری دارشـتن. ماڵپـەری رووداو هەوڵیـداوە زیاتـر نێوەنـد وەربگرێـت لـە بەکارهێنانـی وشـە لـە هەواڵەکانـدا لـە نێـوان (٥٠-٩٠) بەکاریهێنـاوە بـەراورد بـە ژمارەکانـی تـر، بـۆ دەسـتکەوتنی سـەرچاوەکانی هـەواڵ زیاتـر پشـت بـە پەیامنێرەکانـی دەبەسـتێت لـە ناوخـۆ و دەرەوەی وڵات، ماڵپـەری رووداو هاوسـەنگی راگرتـووە واتـە رای جیـاوازی تێدایـە.

## ٤-روونکردنەوەی چەمکەکانی توێژیینەوەکە

١-هونـەری نووسـین: ئـەو پرۆسـەیەیە کـە نووسـەر و رۆژنامەنـووس هەڵدەسـتێت بـە دارشـتن و نووسـینی میدیایـی، واتـە چارەسـەرکردنی دەق لـە شـێوە و قاڵبـی هـزر بـۆ زمـانی نـووسراو و بیسـتراو و بیـنراو، بـە جۆرێـك لـەلای بینـەر و خوێنـەر و گوێگـر لێـی تێبگـەن.

٢-.پەیـام: پەیـام واتاییـە یـان بیرۆکەییـە، یـان ناوەرۆکـە، کـە سـەرچاوەکانی میدیـا دەیگوازنـەوە بـۆ وەرگـر و، ئـەو واتـا و بیروڕایانـە لـە خۆدەگرێـت کـە پەیوەسـتە بـە بابەتگەلێکـی دیاریکـراو.

٣-میدیـای ئەلیکترۆنیـی: بـە یەکێـك لەهۆیەکانـی پەیوەندیـی جەماوەریـی دادەنرێـت لـەرووی هەمەجۆریـەوە، چونکە ژمارەیەکـی زۆری پێگـە ئەلیکترۆنییـەکان لەخۆدەگرێـت لەبوارە جیـاوازەکان.

٤- شێوازەکانی نووسین: ئەوشێوازەیە، کە نووسەر هەڵیدەبژێرێت بۆگەیاندنی بابەتەکەی بە خوێنەرانی.

## بەشی دووەم: تیۆرییینامەی توێژیینەوەکە

١- هونەری نووسینی میدیایی: (چەمك و پێناسە)

نووسـین لـە ژێرکاریگەریـی ئاخاوتنـەوە پەیدابـووە، هەروەهـا لەرێگـەی هێماکانـەوە بیرۆکـەکان دەخرێنـەڕوو، کـە

چەندیـن تایبەتمەندیـی لەخۆدەگرێـت وەك (نووسـین دوای ئاخاوتـن پەیدابـووە، لەنووسـین دا پێویسـتمان بـە خوێنـەر هەیـە، نووسـین لـە پیـت و هێـما پێكدێـت، نووسـین تاڕادەیەكـی زۆر هەڕەمەكـی نییـە، لەنووسـین دا زمانـی سـتاندارد هەیــە، لەنووســین دا لایەنــی خاڵبەندیــی لەخۆدەگرێــت، نووســین بەهــۆی چــاوەوە زانیارییــەكان دەگوازێتــەوە، نووسـین لـەڕووی كاتـەوە زیاتـر دەمێنێتـەوە) بێگومـان لـەو كاتـەی نووسـین پەیدابـووە بـە چەنـد قۆناغیكـی جیاجیـا تێپەڕیــوە، لــە یــەك قۆنــاغ دا نەوەســتاوە، بــەردەوام بــەرەو پێشــەوە چــووە، چەندیــن ئاســتەنگی هاتۆتــە پێــش، چەندیـن گۆڕانكاریـی بەسـەردا هاتـووە تـا گەیشـتۆتە قوناغـی ئیسـتا. (ئیبراهیـم، ٢٠٢١، ل١٣(

نووسـین پرۆسـەیەكی تێكـەڵ و ئاوێزانـە، ئەگەرچیـی بەشـێوەیەكی سـەرەكیی كردەیەكـی (عەقڵـی، هزرییـە)، لەهەمـان كاتـدا جۆرێـك لەجوڵـەی میكانیكـی و داهێنانـی زمانەوانیـی لەخۆدەگرێـت، تێكسـتی سـەرنجڕاكێش و وردەكاریـی، دوو مەرجـی سـەرەكیین كـە پێویسـتە لـە بابەتـی رۆژنامەوانیـی دا بوونیـان هەبێـت. (ئیبراهیـم ورحـمان، ٢٠١٥، ل١٠(

هونـەری نووسـین گرنگیـی تایبەتـی خـۆی هەیـە، سـەرەڕای ئـەوەی هونـەری نووسـین بەتەنیـا بریتیـی نییـە لـە رێكخسـتن و باشـتركردنی شـێوازی نووسـین، بەڵكـو مەرجـە لـەم پرۆسـەیە دا رەچـاوی هەریەكێـك لـە شـێواز و زمـان و سیاسـەتی كەناڵەكـە بكرێـت. لـەم بارەیـەوە (لیوناردراتێـل و روون تیلـر) لـە پێناسـەی هونـەری نووسـین دا دەڵێـن: «پرۆسـەیەكە لەرێگەیـەوە بابەتەكـە پووخـت دەبێتـەوە، هەرچـی هەڵـەی نووسـین و رێزمانیـی هەیـە راسـتیدەكاتەوە، كـەم و كورتیـی بوارەكانـی تریـش كەمدەبێتـەوە و بونیـادی بابەتـە لاوازەكانیـش بەهێزدەكاتـەوە»، (الیـاسری، ٢٠٠٣، ل٣٢) هونـەری نووسـین، لەبنەڕەتـدا پشـت بـە رێكخسـتنی زمانەوانیـی و لۆژیكیـی بابەتەكـە دەبەسـتێت، جگـە لەمانـە لـە هونـەری نووسـین دا شـتێكی تـر نییـە، هـەر شـێوازی گێڕانـەوەی چیـرۆك و رۆمانـە، هیـچ سـەرچاوەیەك، یـان پێوەرێـك نییـە ئەمـە روونبكاتـەوە، تەنهـا جیاوازییەكـە لـە ركخسـتنی وشـە و شـێواز دایـە. (خـزر، ٢٠١٧، ل ١٨)

هونـەری نووسـین، هونەرێكـی داهێنەرانەیـە، هۆیەكـە بۆگەیاندنـی زانیاریـی و بیـروڕا بـە خوێنـەران بەڕێگەیەكی روون و ئاشـكرا، ئـەم هونـەرە لـە رووی بابەتـەوە جۆراوجـۆرن، لەوانەیـە هەواڵـی رامیاریـی، یـان ئابووریـی، یـان هونەریـی، یـان رۆشـنبیریی، یاخـود كۆمەڵایەتیـی بێـت، هەروەهـا راپـۆرت و چاوپێكەوتـن و راپرسـیی و سـتوونیی بەهەمـان شـێوە، ئـەم هونەرانـە هـەر یەكـە و فرمانێـك جێبەجێدەكـەن بـۆ نموونـە فرمانـی هـەواڵ، باسـكردنی رووداوێكـە كـە روویـداوە، یـان روودەدات، یـان گواسـتنەوەی لێدوانێكـە، بـەڵام راپـۆرت لـە هـەواڵ دەچێـت تەنهـا جیاوازییەكـەی لەوەدایـە، كـە راپـۆرت بـە درێژیـی باسـی رووداوەكـە و دۆخـی دەورووبـەر دەكات، یـان پێشكەشـكردنی زانیارییـە لەسـەر كەسـێك بـە مەبەسـتی ناسـاندنی بـە خوێنـەر (كركوكـی، ٢٠٠٨، ل٤) هونـەری نووسـین بەرهەمـی چالاكیـی ئەقـڵ و هـزرە، بـەڵام هـاوكات وەڵامدانـەوەی جـۆرە بزاوتێكـی میكانیكیـی و راهێنانـی زمانەوانییـە كـە دەقـی نـووسراو زیاتـر پێـی سـەرنجڕاكێش دەبێـت. گرنگتریـن مـەرج و خەسـڵەتی هـەر بابەتێكـی رۆژنامەنووسـیی هـەر سەرنجڕاكێشـان و وردەكاریـی بێـت، لێـرەدا مەبەسـت ژانـرە رۆژنامەوانییەكانـە، دەكـرێ راهێنـان و مەشـقی میدیـای بەرهەمێكـی هەبـێ ئەگـەر پەیـڕەوی شـێوازەكانی نووسـین بـكات كـە لـە جیهانـدا نـاسراون. (عومـەر، ٢٠٠٥، ل٩)

هــەردوو نووســەری گــەورەی بــواری شــانۆنامە (كۆرنیلــی - Corneille) و (راســین – Racine) : باســی ســێ بنەمــا دەكـەن لـەكاری نووسـیندا ئەوانیـش بریتیـن لـە: (سـادە نووسـین، راسـتیی و زیندووبـوون)، بـە واتایەكـی تـر سـادە نووسـین تایبەتمەندیـی بنچینەیـی شـێوازی میدیاییـە، دەبێـت تـەواوی بابەتـەكان بـە شـێوەیەك بنووسرێـت، خوێنەرێـك كـە ئاسـتی خوێندەواریـی زۆر نـزم بێـت لێـی تێبـگات، هەروەهـا تەنانـەت ئەگـەر خوێنەرانـی رۆژنامەكـە كۆمەڵـە كەسـانێك بـن كـە ئاسـتی فەرهەنگییـان لـە ئاسـتی مامناوەندیـی و سـەروو تـر بێـت، هـەر بۆیـە نابێـت خوێندنـەوە بـۆ

ئەوانیش دژوار بێت، ئەگەر وشەیەك بۆ خوێنەر بێگانە و نامۆ بێت، یان بە باشیی لە وشەکە نەگات دەتوانێت لەڕێگەی بەکاربردنی جۆراوجۆر لەگەڵ روونکردنەوەی پێویستدا بیخوێنێتەوە و باشتر لەناوەڕۆکەکەی تێبگات، رچاوکردنی سادەیی نووسین لەیاسای خاڵبەندیی و چۆنیەتیی دارشتنی رستە دا. (گایار، ٢٠٠٥، ل ١١)

نووسین ئامرازیکی رۆژنامەنووسییە لەجێبەجێکردنی کرداری پەیوەندیی لەرێگەی ئەو هونەرەوە پێگەیشتووە، هەوڵی ئەوە دەدات ئەو وشانەی دەنووسرێت کاریگەرییان بەسەر دەروونی خوێنەردا هەبێت و هەست بزوێن بن، هەتاکو ئێستاش نووسینی وشە بەهێزترین و کاریگەرترین کەرەستەی راگەیاندنە، چونکە لەهزری مرۆڤدا جێگیردەبێت و لەگەڵ هۆشیدا ئاوێتەدەبێت .(هەمام، ١٩٨٥، ل٦) نووسین گوزارشتێکی کۆمەڵایەتیی سەراپاییە و زمانەکەش تێکەڵاو و ئاڵۆزە، ملکەچی هەموو چالاکییە رۆشنبیرییەکانە لە زانست، هونەر، موزیك، هونەری شێوەکاریی و... هتد، هەروەها لایەنی رامیاریی، بازرگانیی، ئابووریی و بابەتە گشتییەکانە، لەمەدا دەردەکەوێ کە هونەری نووسین بە شێوەیەکی گشتیی هونەرێکی کردارییە و ئامانجی پەیوەندییکردن و گواستنەوەی بیرورایە بۆ خەڵك، (شرف، ١٩٩١، ل٨٤) سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو، دوای کۆکردنەوە و شیکردنەوەی ئەو زانیاریانە و خستنەرووی ئاکامەکانی لەلایەن نووسەرەوە، یان دەرخستن و پێشکەشکردنی بیرورایەکی نوێ بە گۆشەنیگایەکی نوێوە. بەجۆرێك شتێکی نوێ بخاتە بەردەم خوێنەر و هانی بدات قوڵ بیربکاتەوە. (کرکوکی، ٢٠٠٨، ل٤)

هونەری نووسین دیدگای مرۆڤ خۆیەتی، بە شَیوەیەکی دارِێژراو وەك فاکتەری گواستنەوەی رووداو و پێشهاتەکانی دەوربەری مرۆڤ و جیهان بە گشتیی، بە مەبەستی گەیاندن و ئاشنابوونی خوێنەر بەو زانیاراییانەی کە پێشتر نەیبستووە یان نەیزانیووە.

٢- مێژووی هونەری نووسین:

نیگارەکانی ئەشکەوتی (چۆڤییت) لە فەرەنسا دۆزرانەوە، تەمەنی ئەو نیگارانە دەگەڕێتەوە بۆ سێ هەزار ساڵ لەمەوبەر. بەڵام تەمەنی نیگارەکانی (لاسکۆکس و ئەڵتامیرا نیوەی تەمەنی نیگارەکانی چۆڤیت دەبن، بەڵام دەبێ تەماشای ناوچەی بەپیتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بکەین، بە تایبەتی ناوچەی میزۆپۆتامیا بۆ گەشتێکی درێژ و هەڵگرتنی زمانی قسەکردن، کە هەشت هەزار ساڵ پێش زایین لەلایەن سۆمەریەکانەوە داهێنراوە، تابلۆی قوری بچوکی سێگۆشەیی، بازنەیی، خڕ و هێماکانی تر درووستکراون بۆ گەیاندنی (پێوەرەکانی دانەوێڵە و عەمباری نەوت و کاڵا بازرگانییەکانی تر). ئەو هێمایانە وەك چەند ناوەندێکی پاراستنی رێژەی کاڵاکان کە خزمەتی کۆمەڵگاکەیان کرد. بەمەبەستی گلدانەوەی سەرچاوەکان و دابەشکردنەوەیان بە سەر خەڵکدا وەك چەند هێمایەکی پلەدار و باڵای ئەندامە بژاردەکانی نێو کۆمەڵگە. سۆمەرییەکان لەسەر بەرد و پارچە ئاسن شتیان دەنووسی و تۆماریان دەکرد، وەکو مۆرێك بەکاریاندەهێنا و بە تابلۆ قورِینەکانیان دا دەدا، بۆ نموونە بە سووراحییەکی شەرابیانەوە دەنووساند، بەواتای خاوەنداریەتیی ئەم شێوە مۆرە بوو بە هۆی درووستکردنی مۆری لوولەیی، کە بەسەر تابلۆ قورِینە تەڕەکانیاندا دەدا بەدرێژایی تابلۆکە دەنووسا و، شێوازێکی تایبەتی وەردەگرت، وەك ئامێری چاپەمەنیی ئەو سەردەمە وا بوو. بە نزیکی ٣١٠٠ پ. ز. سۆمەرییەکان ژمارەیان داهێنا، هەندێ لە توێژەران پێیانوایە هەردوو نووسین و زانستی بیرکاریی بەیەکەوە سەریانهەڵداوە. ئێسك و پێستی ئاژەڵ، گەڵای دارخورما و پەلکی داربەڕوو، دار و شەمی بەرد و ئاسن، لوولپێچ، گوێچکەی ماسیی، مەڕ، ئاوریشم و لۆکە، بەردەسپیی و کڵپەی فیل. ئەمانە هەمووی بەکارهێنراون بۆ هەڵگرتن و پاراستنی یادگارییەکانی مرۆڤ.

(فانـگ، ٢٠٠٩، ل ١٨)

نووسینی تـری میدیایـی لەسـەر تابلـۆی مسـی زەرد و کاغـەزی لەپێسـتە دروسـتکراو دەنووسرانـەوە (ئیلیـاد (IIiad) ی بـاس لـە پەیامـی نـووسراو لەسـەر دار دەکات، لـە سـەردەمی رۆمانـەکان دا، (شـەمی دار) بـۆ نووسـین بەکارهاتـووە. لەبەرئـەوەی شـەم گەرمدەکرێـت و دووبـارە خۆشـدەکرێتەوە، جارێکـی تـر بەکاریـان دەهێنایـەوە. مەرەکـەب و ئامێرەکانـی نووسـین زۆر پێـش سـەدەکانی مێـژوو هاتوونەتـە کایـەوە، خۆڵەمێشـی بـەر ئاگـردان کۆدەکرایـەوە، لەگـەڵ ئـاو هەنـدێ بنێشـتی سرووشـتیی لێنجـاوی رووەك تێکەڵدەکـران بـۆ بەرهەمهێنانـی مەرەکەبێکـی چـاك و پارچـە قامیشـێك، یـان کـەزی قـژی ئاژەڵێـك وەك پێنـووس بەکاردەهـات. زمانـی نووسـینی سیسـتەماتیك لەسـەردەمی سۆمەرییەکان دەسـتیپێکرد کەقامیشـیان بەکاردەهێنـا بـۆ دروسـتکردنی هێـماکان لـە سـەر تابلـۆ قورپینـەکان. میسرییـە کۆنـەکان قامیشـێکیان لـە (دەلتا-چیـغ) ی رووبـاری نیـل دۆزیـەوە کـە پێیـان دەوت (پاپیـرۆس ). هەرئـەوە نەبـوو میسرییـەکان درکیـان بەسـوودی( پاپیـرۆس) کـرد، زۆربوونـی نووسـین لـە دوای بـە زانسـتیبوونی نووسـینەوە لەوێـوە دەسـتیپێکرد. (فانـگ، ٢٠٠٩، ل ٢٤) بناغـەی نووسـین دەگەرێتـەوە بـۆ پێـش مێـژوو، واتـە بـۆ ئـەو کاتـەی شـمەکە ئاڵوگۆرکراوەکانیـان دەخسـتە نـاو قـورەوە بـە هەنـدێ هێـما نیشـانیان دەکرد.ئـەو هێمایانـە نیشـانەیەك بـوون بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو کاڵایـە بەهـای هەبێـت و لەبەرامبەریـدا شـتێك بدرێـت. بـۆ نموونـە برێـك گەنـم یـان هەرشـتێکی تـر، ئـەم کارانـە لـە راسـتییدا گرفتیـك بـوون بـۆ خسـتنەرووی کاڵاکـە بـەو رەمـزەی خاوەنەکـەی لەسـەری دانـاوە، ئـەو هێمایـە جـێ پەنچـە نەبـوون، بەڵکـو شـێوەیەك بـوو نکـە خاوەنەکـەی دەیناسـیینەوە. بەمجـۆرە یەکەمیـن نووسـین، یـان یەکەمیـن ئیمـزا هاتـە ئـاراوە، هەرچەنـدە لەوانەیـە هێنـدە گرنـگ نەبووبێـت، بـەڵام ئـەوە بە دەسـتپێکی نووسـین هەژماردەکـرێ. (پریرمـۆر، ٢٠٠٨، ل ٢٧)

مارشـال ماکلۆهـان (Marshall mMcLuhan) پێیوایـە پەیوەندییکـردن بەچەنـد قۆناغێکـی مێژوویـی تێپەرِیـووە و، تەکنەلۆژیـای پەیوەندییکـردن فاکتەرێکـی سـەرەکیی بـووە لـە گۆرِانکاریـی لـە قوناغێکـەوە بـۆ یەکێکـی تـر، لێـرەدا تیـۆری (ناچارێتیـی -حەتمیەیەتـی- میدیایـی (Media Determinism) ناونـرا، واتـە ئـەو فاکتـەری میدیـای تەقەنییـە کـە بـە پلـەی یەکـەم وەرچەرخانـە مێژووییـەکان لێکدەداتـەوە و شـیاندەکاتەوە لـەرووی پەیوەندیـی و بوارەکانـی تـری کارلێکـراوە. لـە زمانـی بێـژراوە دەسـت پێـدەکات، تاکـو دۆزینـەوەی نووسـین لـە ٣٠٠٠ سـاڵ پ ز، هەروهـا پەیوەندیکردنـی زارەکیـی لـەو قۆناغـەوە باوبـووە لەروانگـەی ماکلۆهـان دۆزینـەوەی نووسـین یەکەمیـن شۆرشـی پەیوەندیکـردن بـووە. ئـەو شۆرشـە توانـی زمانـی دووەم بدۆزێتـەوە، زمانـی هێـما و نووسـین، ئـەوە بـووە هـۆکاری ئـەوەی رێخۆشـکەر بێـت بـۆ تۆمارکردنـی شـارەزایی و ئەزمـوون و پشتبەسـتن بەپرنسـیپی کەڵەکەبـوون، لـە گەشـەی شارسـتانیی مرۆڤایەتیـی و ئـەو شۆرشـە، لـە رووی کارکردنـە سـەر کۆمەڵـگا و گەشـەکردنی مێـژووی سـنووردارکرد. لەبەرئـەوەی تەنیـا کەمینەیەکـی خەڵـك ئـەو زمانەیـان دەزانیـی، ئامرازەکانـی گوێزانـەوە لەشـوێنك بـۆ شـوینێکی تـر سـنووردار بـوو، تەنهـا نووسـین و نەقـش هەڵکۆڵیـن لەسـەر بـەرد بـوو، بـەر لـەوەی ئامـرازی وەك پشتبەسـتن بـە پێسـت و دار یـان گـەلای دار و دواتـر کاغـەز (Papyrus)پەیدابـوون. (عـزی، ٢٠١٢، ل ٢٠)

لـە کۆنـدا، سـوود لـە دوو شـێوەی چـاپ وەردەگیـرا، یەکێکیـان مـۆر بـوو کـە نووسـینەکەی بـەرز بـوو، ئەویتریـان بەنـاوی (پەتـرۆن) کـە نووسـینەکانی قەڵەیـی دەکران. میسرییـە کۆنـەکان سـودیان لەپەتـرۆن وەردەگـرت بـۆ نووسـینی سـەر قەبـر و کێلـەکان. قەیسـەرەکان لەجیاتـی مـۆری خۆیـان پەترۆنیـان بەکاردەهێنـا. مـۆر لەسـەردەمی بابلییەکانـەوە بەکارهاتـووە، رۆمانـەکان وشـەیان بەپێچەوانـەوە دەنووسـیی لەکاتی چاپ دا و بە راسـتیی دەردەکـەوت و دەخوێنرایەوە

بـەم کارەشـیان دەوت «تێسـێرای سـیگناتۆریا (Tesseray Signatoria). هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی هونـەری چـاپ لـە مـاوەی شـەو و رۆژێـك نەبـووە، بەڵکـو پرۆسـەیەکی زۆر دوور و درێـژ بـووە. (سـەپان، ٢٠٠٨، ل١٦٧)

لـە بەرەبەیانـی مێـژوودا زمانـی نووسـین بـە یەکـەم هێـمای لەیەکگەیشـتن و پەیوەندیـی نێـوان مرۆڤـەکان دادەنرێـت، کـە بـووە بـە هـۆکاری گەشەسـەندنی کۆمەڵـگا لـە هەمـوو بوارەکانـی ژیـان وئاڵوگـۆڕی دیـد و بۆچوونـەکان لـە پێنـاوی لەیەکترگەیشـتن و پـەرەدان بـە کاییەکانـی ژیـان.

٣- میدیای نوێ وەک میدیای سەردەم و هەژموونداری (چەمک و پێناسە)

میدیـای نـوێ بریتییـە لـەو تـۆڕە بەرفراوانـەی لـە دەرئەنجامـی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـا، بـە تایبەتیـی تەکنەلۆژیـای ئینتەرنێـت سـەریهەڵداوە. ئـەم تـۆڕە بەرفراوانـە لەیـەك کات دا توانیوویەتـی جۆرێکـی نـوێ لەمیدیـا بێنێتـە ئـاراوە، دەتوانیـن بڵێیـن نێوەندێکـە لەنێـوان کۆمیونیکەیشـنی سۆشـیاڵ و مـاس کۆمیونیکەیشـن دا. سـەبارەت بـە هاتنـە ئـارای میدیـای نـوێ لەگـەڵ هـەر جـۆرە پێشـکەوتنێکی تەکنەلۆژیـا، میدیـاش گۆڕانکاریـی بەسـەرداهاتووە، جـۆری مامەڵـەی خەڵکیـش لەگـەڵ میدیـا، گۆڕانکاریـی بەسـەردا هاتـووە، ئـەو پێشـکەوتنانەی لەگـەڵ تەکنەلۆژیـای کۆمونیکەیشـن دا بەتایبەتـی دوای ساڵەکانی (٢٠٠٠) هاتنـە ئـاراوە، بـە تایبەتیـی ئـەو تـاك جەمسـەرییەی لـەدوای نەمانـی شـەڕی سـارد و جێگیربوونـی بنەماکانـی بەجیهانیبـوون هاتەئـاراوە، مامەڵەیەکـی تـری خەڵـك لەگـەڵ میدیاکانـدا بەئاڕاسـتەیەکی تـردا رۆیشـت. (عبدلفتـاح، ٢٠١٦، ل١٨). میدیـای نـوێ ئـەو تـۆڕە فراوانـەی تەکنەلۆجیـای ئینتەرنێتـە، کـە هەمـوو کۆمونیکەیشـنە ئۆنلایینـەکان کۆدەکاتـەوە کـە لـە دنیـای ئەمرۆمـان دا، گەیشـتوونەتە هەمـوو شـوێن و ماڵێـك و بـوون بـە هـۆی پەیوەنـدی بەسـتن و وەرگرتنـی زانسـت و زانیاریـی و پردێکـن بـۆ رێـکلام و بازرگانییکـردن، میدیـای نـوێ (فەیسـبووك ، تویتـەر، ئینسـتاگرام، سـناپچات، سـکایپ، یوتـوب، یاهـۆ، لایـڤ چـات، گـوگڵ پلـەس و هتد..دەگرێتـەوە. ئـەو تـۆڕە کۆمەڵایەتییانـە پەیوەندیـی تاکـەکان و گەیشـتنیان بـە یەکـتر لەرێـی ئۆنلاینـەوە درووسـتدەکات) (الحمامـی، ٢٠٠٦، ل٤) .

٤- بنەماکانی میدیایی نوێ

میدیـای نـوێ بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان لـە سـەرتا سـەری جیهـان بەکاردەهێنرێـت، بەردەوامیـش بەکارهێنەرانـی لـە هەڵکشـان دایـە، ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو گۆڕانکارییـە خێرایانـەی بەسـەر شـێوازی بەکارهێنـان وکارئاسـانیی لـە کۆمپانیـا تایبەتمەندییەکانـی ئـەم بـوارە دەکرێـن. میدیـای نـوێ چەنـد بنەمایەکـی هەیـە کـە گرنگترینیـان ئەمانـەن:

١. میدیـای نـوێ هاوشـێوەبوون لەگـەڵ میدیـای کلاسـیك: لـە هەنـدێ رووەوە هاوشـێوەن و لـە هەندێکـی تـرەوە جیـاوازن، هەرچەنـدە جۆرەکانـی میدیـای نـوێ بـە هـۆی گەشـەی تەکنەلۆژیـا و سـەرهەڵدانی جـۆری نوێـوە، هەنـدێ لـە رەگـەز و پێکهینـەری لـە جۆریکـەوە بـۆ جۆرێکـی تـر جیـاواز بـن، بـەڵام بەگشـتییی کۆمەڵێـك بنەمـا هـەن، کـە لـە زۆربـەی جۆرەکانـی میدیـای نـوێ هاوشـێوەن.

٢.خێرایـی لـە گواسـتنەوەی زانیاریـی: بـە واتـای ئەبدەیـت و تازەکردنـەوەی بەردەوامـی زانیارییـەکان سـات بەسـات و دوای سـاتی روماڵـی میدیایـی، بـە جۆرێـك بتوانێـت لـە گـەڵ گوڕانکارییـە نـوێ و خێـراکان خـۆی بگونجێنێـت.

٣.رێزگرتـن لەخاوەندارێتیـی هزریـی: بەجۆرێـك کەناڵـە میدیـا نوێیـەکان ناتوانن پەیامـی میدیایی هیـچ دامەزراوەیەکی تـر بـە بـێ ئامـاژەدان بـە سـەرچاوەی زانیارییـەکان و راسـتگۆیی لە گـەڵ وەرگـر، بەکاربهێنن.

٤.دووبـارە ئاڵوگـۆڕی زانیاریـی: یەکێـك لـە خەسـڵەتەکانی میدیـای نـوێ ئاڵوگـۆڕی هـەواڵ و زانیاریـی و رووداو و بابەتـی جۆراوجـۆرە، لەنێـوان دەسـتگا میدیایـەکان و وەرگـر، لـە لایەکـی تـرەوە بـە مەبەسـتی بەردەوامیـی کاری

میدیایــی.

٥.جــۆر و جۆرایەتــی لــە ناوەڕۆکــی کەناڵەکــە: پەیــام لــە میدیاکانــی گشــتیی و تایبــەت و ئەلیکترۆنیــی و ئاســمانیی (کــراوە، لوکاڵــی و جیهانــی) دابەشــدەکات.

٦.بەکارهێنانــی هەمــوو ئامرازێکــی گواســتنەوەی زانیاریــی: ئــەم میدیایــە نوێیــە پشــت بــە کۆمپیوتــەر وماڵتــی میدیــا و مانگــی دەســتکرد و ئینتەرنێــت دەبەســتێت. (تالەبانــی، ریشــاوی و ، ٢٠٢٠، ل ٤٤)

٥- چەمکی میدیای ئەلیکترۆنیی:

میدیــای ئەلیکترۆنیــی ژمارەیەکــی زۆری پێگــە ئەلیکترۆنییــەکان لــە بــوارە جیاوازەکانــدا لــە خۆدەگرێــت، دەتوانێــت ناوەڕۆکــی پەیامەکانــی بگەیەنێتــە بەشــداربووانی ئینتەرنێــت لــە هــەرکات و شــوێنێك دا بــن، چونکــە ئینتەرنێــت هۆیەکــی ئاســانە بــۆ نووســین کــە هــەر بەشــداربوویەك دەتوانێــت بــە ئاســانیی بەشــدارییبکات لــە رێگــەی پرۆســەی نووســینەوە. (الشــعراوی: ٢٠٢٠، ل٥٣) میدیــای ئەلکترۆنیــی لــە ژیانــی رۆژانــەی تــاك و کۆمــەڵ دا گرنگیــی و تایبەتمەندیــی خــۆی هەیــە، چونکــە هەمــوو ســات و کاتێــك مــرۆڤ لــە کەمتریــن مــاوەدا ئــاگاداری پێشــهات و رووداوەکانــی ناوخــۆو جیهــان دەبێــت. بەهــۆی ئامێرەکانــی پەیوەندییکــردن و گەشــەکردنی تەکنەلۆژیــاوە بــە تایبــەت ئامێــری مۆبایلــی زیــرەك، لــەو رێگایــەوە هــەواڵ و زانیاریــی وەردەگــرێ و، لەهەمــان کات دا زەمینــەی رەخســاندووە کــە هەرکەســێك بیــەوێ بیروبۆچوونــی خــۆی لــە بــارەی رووداوەکانــەوە بخاتــەڕوو و، دەتوانێــت لــە رێــگای کۆمێنــت نووســینەوە بەشــدارییبکات.

دکتــۆر عیــماد بەشــیر ســەبارەت بــە میدیــای ئەلیکترۆنیــی دەڵێــت: «ئــەو رۆژنامەیــەی کــە ســیفاتەکانی رۆژنامــەی رۆژانــەی کاغــەزی لــێ بەدیدەکرێــت لــە رووی کاتــی دەرچــوون و هەمەڕەنگــی بابەتــەکان و بەکارهێنانــی هونەرەکانــی رۆژنامەوانیــی و، بوونــی بابەتــە رۆژنامەوانییــەکان لــە شــێوەی تێکســتێکی ئەلیکترۆنیــی وەك ئــەوەی لــە رۆژنامــە کاغەزییــەکان دا هەیــە، لــە ئینتەرنێــت بەئاســانیی دەســت دەکەوێــت دوای ئــەوەی دەســتکاری دەکــرێ و دووبــارە دابرێژرێتــەوە. هەروەهــا داواکــردن و گەنجیینەکردنــی (ســەیڤکردنی) وەك بابەتێکــی میدیــای نــوێ، یەکێکــی تــرە لــە جیاوازییــەکان و، هەروەهــا خێرایــی گەیشــتن بــە بابەتــە رۆژنامەوانییــەکان». (ئیبراهیــم و رەحــمان، ٢٠١٠، ل ٢٥-٢٩)

٦- فاکتەرەکانی گەشەکردنی میدیایی ئەلیکترۆنیی

میدیــای ئەلیکترۆنیــی لــە مــاوی تەمەنێکــی کورتیــدا، بەشــێوەیەکی زۆر خێــرا و بەرچــاو، گەشــەی زۆری بــە خۆیــەوە بینیــوە، ئــەو گەشــەکردنەش چەنــد فاکتــەری گرنــگ و ســەرەکیی هەیــە، کــە بــووە هــۆی ئــەوەی خێــرا لــە نێــو خەڵکــدا بڵاوبێتــەوە، گرنگترینیــان ئەمانــەن:

١- ئینتەرنێــت توانایەکــی زۆرتــری خستەبەردەســت رۆژنامەوانــان، بەتایبەتیــش لــە پێشکەشــکردنی تێکســت، وێنــە، دەنــگ، دەنــگ و رەنــگ، لــە یــەك کات دا

٢- درووســتکردنی بەســتەر لەســەر دەق (تێکســت) : ئــەو وشــانەی کــە پێویســتییان بــە روونکردنــەوەی زیاتــر هەیــە، رەنگــە لــەلای خوێنەرانــەوە روون نەبــن .

٣- زۆر جار لەگەڵ هەواڵەکاندا، هەندێك هەواڵی پەیوەندییدار وگرنگ لەگەڵیدا دادەنرێت.

٤- راگەیاندنی ئەلیکترۆنیی، سنووردار نییە و دەگاتە هەموو شوێنێك. (تالەبانی و رێشاوی، ٢٠٢٠، ل٩٤ )

٥- کەمی تێچووی دارایی لە کڕین و بەشدارییکردن لە بەرامبەر دەستخستنی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دا.

٦- بەهــۆی بڵاوکردنــەوەی بەردەوامیــی رووداو و نوێکردنــەوەی زانیارییــەکان لەســەر ئینتەرنێــت بەدرێژایــی (٢٤) کاتژمێــر، وایکــردووە خوێنــەر نەتوانێــت چاوەڕێــی رۆژنامەیــەك بــکات، کــە رۆژانــە یــەك جــار دەردەچێــت.

٧- ئاسانکاریی لە راستکردنەوەی هەڵەکان و، دووبارە بڵاوکردنەوەی.

٨- ئاســانیی لــە گەیاندنــی زانیارییــەکان بەشــێوەیەکی خێــرا، واتــا رۆژنامەگەریــی چاپکــراو بــەوە رانــاگات هەواڵەکــە بڵاوبکاتــەوە و بەهــای کات لەدەســت دەدات.

٩- هەڵگرتــن و گەڕاندنــەوە (خــزن واســترجاع)ی زانیارییــەکان، هەڵگرتنــی زۆرتریــن زانیاریــی و بوونــی ئەرشــیفخانە و کتێبخانــەی ئەلیکترۆنیــی گــەورە. (مســعودی، ٢٠٠٥، ل١١٣)

بەشی سێیەم: بەشی کرداریی و مەیدانیی

توێــژەر دوای راوێــژ لەگــەڵ سەرپەرشــتیاری توێژینەوەکــە و دانــان و فۆرمەڵەکردنــی پرســیارەکانی نــاو خشــتەکانی ئــەم توێژینەوەیــە و پوختکردنەوەیــان بەپێــی ئــەو زانیارییانــەی کــە پێویســت بــوو لــەم توێژینەوەیــە، توێــژەر بــگات بــە وەڵامــە راســتەکان و دەرخســتنی ئەنجامــەکان. دوای وەرگرتنــی بۆچــوون و هەڵســەنگاندنی هــەردوو فۆرمــی ئامادەکــراوی (راپرســیی و شــیکاریی نــاوەڕۆك) فۆرمــی راپرســیی لەلایــەن پســپۆڕان و شــارەزایان و بەهەنــد وەرگرتنــی تێبینیەکانیــان و دەســتکاریکردنی زانیاریــی نــاو هــەردوو فۆرمەکــە. فۆرمــی یەکــەم کــە تایبــەت بــوو بــە راپرســیی بــۆ ئــەو میدیاکارانــەی کــە کاری نووســین و دارشــتن دەکــەن لــە ماڵپــەڕە ئەلیکترۆنییــە کوردییــەکان، بەتایبەتــی هــەردوو ماڵپــەڕی (Pukmedia-Speda) .

دابەشــکردنی(١٠١)فۆرم بەســەر میدیاکارانــی ســامپڵ لــە هــەردوو پاریزگای ســلێمانی و هەولێــر (٩٤) فــۆرم وەرگیراییەوە (٨٢) فــۆرم بــێ کــەم و کــووری و بوون.(فۆرمــی شــیکاری ناوەڕۆك)کــە بنەمــای ســەرەکیی بــوو بــۆ کۆکردنــەوەی ئــەو زانیارییانــەی لەفۆرمەکــەدا هاتــووە، وەرگرتنــی داتــاکان رۆژ دوای رۆژ لەمــاوەی وەرگیــراو لــە( ١-١٠-٢٠٢١- تــا٣١-١٢-٢٠٢١) شــیکردنەوەی تــەواوی ئــەو پرســیار و داتایانــەی کــە مەبەســت بــوون کۆکرایــەوە و، لــە خشــتەکانی شــیکاری نــاوەڕۆك و راپرســیی خراونەتــەڕوو.

خشــتەی ژمــارە (١) : راســتی جێگیــری (مقیــاس کرونبــاخ ئەلفــا) بــۆ هەریــەك لەپێــوەرەکان بەشــێوەیەکی گشــتیی، دەردەکەوێــت بەهــای جێگیریــی بــە شــێوەیەکی گشــتیی بــۆ هەمــوو پێــوەرەکان بــە رێگــەی (مقیــاس کرونبــاخ ئەلفــا) دەکاتــە (٠,٨٠٣) کــە بــە بەهایەکــی بــاش دادەنرێــت، ئاماژەیــە بــۆ جێگیــری پێــوەرەکان .

خشتەی (١) :

راستیی جێگیریی (مقیاس کرونباخ ئەلفا)

| تەوەرەکان | ژمارەی پرسیارەکان | ئەنجام |
|---|---|---|
| بەهای جێگیریی (مقیاس کرونباخ ئەلفا) | 10 | 0.803 |

داتــاکان، لــە رێــی پرســیار و وەڵامەکانــی راپرســییەکەوە، پۆلێنێکــی بابەتیــی کــراون ،کــە بتوانــن رەهەندەکانــی ئــەم توێژیینەوەیــە دیاریبکــەن. ئــەو پۆلێنانــەش لــە خشــتەی تایبەتــدا ناونیشــانکراون و بەهــا ئامارییەکانــی ئــەو شــیکارکردنە خراونەتــەڕوو و، لــە هەمــان کاتــدا، دەرئەنجامەکانــی لێکدراونەتــەوە. پۆلێنکردنــەکان بەمجــۆرەن:

١.ڕەگەزە بەشداربووەکانی ڕاپرسییەکە، وەک نموونە پشکنینی توێژینەوەکە

خشتە (٢) کە تایبەتە بە (ڕەگەز) ی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە نیشاندەدات، کە تێیدا ئەوە ڕوونکراوەتەوە کە (٨٢) نووسەر و هەواڵساز لە هەر دوو ڕەگەز بەشداربوون لەم توێژینەوەیەدا، کە ڕێژەی ڕەگەزی (نێر) تێیدا زۆرترە و بە پلەی یەکەم هاتووە کە بریتین لە (٤٨) کەس بە ڕێژەی (٥٨,٥٣٪)، پاشان ڕەگەزی مێ بە پلەی دووەم هاتووە کە بریتین لە (٣٤) کەس بە ڕێژەی (٤١,٤٦ ٪). سەرئەنجام بە پێ ئەم خشتەی سەرەوە دەرکەوتووە کە ڕەگەزی نێر زۆرترن لە ڕەگەزی مێ لە میدیادا، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە ڕێژەی ڕەگەزی نێر زیاتر لە ڕەگەزی مێینە لە کاری نووسین لەمیدیای ئەلیکترۆنیی دا کاردەکەن.

خشتەی (٢) : ڕەگەز سامپڵی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| نێر | 48 | ٪58.53 |
| مێ | 34 | ٪41.46 |
| کۆی گشتییی | 82 | ٪100 |

٢.شوێنی کارکردنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

خشتە (٣) کە تایبەتە بە شوێنی کارکردنی بەرتوێژەران کە تێیدا دەردەکەوێت زۆرینەی بەرتوێژەران ئەوانەن لە (دەستگای میدیای حزب دا کاردەکەن، کە بریتیین لە (٤٦) بەرتوێژەر بە ڕێژەی (٥٦,٠٩٪) کە بە پلەی یەکەم هاتووە، پاشان (دەستگا میدیای ئەهلیی) بە پلەی دوووەم دێت، کە بریتین لە (١٧) بەرتوێژەر بە ڕێژەی (٢٠,٧٣٪)، دواتر(میدیاکاری ئازاد) کە بریتین لەو میدیاکارانەی کە بەشێوەیەکی فەرمیی سەر بە هیچ دەستگایەکی میدیا نیین، بەڵکو کاری ئازاد دەکەن، لەم ڕاپرسییەدا بەشداربوون بە پلەی سێیەم دێن کە بریتین لە (١٦) بەرتوێژەر بە ڕێژەی (١٩,٥١٪) پاشان (دەستگای میدیایی حوکومیی) هاتووە کە بریتین لە (٣) بەرتوێژ بە پلەی چوارەم و کۆتایی بە ڕێژەی (٣,٦٥٪) .بە پێی ئەم خشتەی سەرەوە دەرکەوتووە کە بەرتوێژەران زۆرینەیان لە (دەستگای میدیای حزبی) کاردەکەن وەك نووسەر و ڕۆژنامەنووس.

خشتەی (٣) : شوێنی کارکردن سامپڵی توێژینەوەکە

| شوینی کارکردن | دووبارەبوونەوەکان | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| دەستگای میدیای حزبیی | 46 | ٪56.09 |
| دەستگای میدیای حوکومیی | 3 | ٪3.65 |
| دەستگای میدیای ئەهلیی | 17 | ٪20.73 |
| میدیا کاری ئازاد | 16 | ٪19.51 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٤-ساڵی خزمەت و کارکردنی بەشداربووان لە بواری رۆژنامەنووسیی میدیایی

خشتە (٤) کە تایبەتە بە ساڵەکانی کارکردنی میدیایی کە تێیدا دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی ساڵەکانی کارکردنی میدیایی بریتییە لە (٦ تا ١٠ ساڵ) کە بریتین لە (٤٨) بەرتوێژ بە رێژەی (٥٨,٥٣٪) بە پلەی یەکەم دێت، پاشان (١ تا ٥ ساڵ) بە پلەی دووەم دێت کە بریتیین لە (٢٧) بەرتوێژ بە رێژەی (٣٢,٩٢٪) هەروەها (١١ ساڵ و زیاتر) بە پلەی سێیەم و کۆتایی دێت کە بریتین لە (٧) بەرتوێژ بە رێژەی (٨,٥٤)، بە پێی ئەنجامەکانی ئەو خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت ساڵەکانی کارکردنی نووسەران و هەواڵسازانی بەشداربووانی ئەم توێژینەوەیە زۆربەیان ساڵی خزمەتیان بریتییە لە (٦ تا ١٠ ساڵ)، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە بەرتوێژەران خاوەنی خزمەت و ئەزموونی کارکردنن.

خشتەی ژمارە (٤) : ساڵەکانی کارکردن سامپڵی توێژینەوەکە

| ساڵەکانی کارکردنی میدیایی | دووباره بوونەوەکان | رێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| ١ تا ٥ ساڵ | 27 | ٪32.92 |
| ٦ تا ١٠ ساڵ | 48 | ٪58.53 |
| ١١ ساڵ و زیاتر | 7 | ٪8.53 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٥-بڕوانامەی بەشداربووانی راپرسییەکە

خشتە (٥) کە تایبەتە بە بڕوانامەی بەرتوێژەران تێیدا دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی بڕوانامە بریتییە لە (دیپلۆم یا بەکالۆریۆس) کە بریتین لە (٤٧) بەرتوێژ بە رێژەی (٥٧,٣١٪) بە پلەی یەکەم دێت، پاشان هەڵگرانی بڕوانامەی (خوێندنی باڵا) دێن کە بریتین لە (٢٩) بەرتوێژ بە پلەی دووەم دێن بە رێژەی (٣٥,٣٦٪)، دواتر هەڵگرانی خاوەن بڕوانامەی (ناوەندیی یا دواناوەندیی) بە پلەی سێیەم دێن کە بریتین لە (٦) بەرتوێژ بە رێژەی(٧,٣١٪)، پاشان هەڵگرانی خاوەن بڕوانامەی (سەرەتایی) بە پلەی چوارەم و کۆتایی دێن. بەپێ ئەم ئەنجامانەش بێت زۆرینەی بەرتوێژەران هەڵگری بڕوانامەی (خوێندنی باڵا)ن کە بریتییە لە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا، بەم پێیەش بێت زۆرینەی نووسەران و هەواڵسازانی بەشداربووی ئەم توێژینەوەیە شارەازا و پیسۆڕن لە بوارە جیاجیاکان دا.

خشتەی (٥) : بڕوانامە سامپڵی توێژینەوەکە

| بڕوانامە | دووبارە بوونەوەکان | رێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 0 | ٪0.00 |
| ناوەندیی یان دواناوەندیی | 6 | ٪7.31 |
| دیپلۆم و بەکالۆریۆس | 47 | ٪57.31 |
| خویندنی باڵا | 29 | ٪35.36 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٦-شوێن یان کەناڵەکانی کارکردنی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە

خشتە (٦) کە تایبەتە بە کەناڵی کارکردن کە تێیدا دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی کەناڵی کارکردن بریتییە لە(سایت) کە بریتین لە (٤٧) بەرتوێژ کە تێیدا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (٥٧,٣١٪)، پاشان کەناڵی (تەلەفزیۆن) وەك شوێنی کارکردنی بەرتوێژەران دێت کە بریتین لە (١١) بەرتوێژ کە پلەی دووەمیان بەدەستهێناوە بە ڕێژەی (١٣,٤١٪)، دواتر کەناڵی کارکردنی (ڕۆژنامە یا گۆڤار) بە پلەی سێیەم دێت کە بریتین لە (٩) بەرتوێژ بە ڕێژەی (١٠,٩٧٪)، ئینجا ئیزگەی (ڕادیۆ) بە پلەی چوارەم دێت کە بریتین لە (٨) بەرتوێژ بە ڕێژەی (٩,٧٨٪)، دواتر (میدیاکاری سەربەخۆ) دێت بە پلەی پێنجەم و کۆتایی دێن کە بریتین لە (٧) بەرتوێژ بە ڕێژەی (٨,٥٣٪)، هەروەها لە لە کاتێکدا بەپێی ڕێژەی کارکردنی نووسەران و هەواڵسازان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن (سایتی ئەلیکترۆنییەکان)لە پلەی یەکەمە، بەڵام کەناڵەکانی تریش هەریەکیان ماڵپەڕیان هەیە بەشێك لە بابەت و نووسینە گرنگەکان لە ماڵپەڕەکانیان بڵاودەکەنەوە، لەم توێژینەوەیەدا تەنیا بیروبۆچوونی ئەو میدیاکارانە وەرگیراوە کە لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکان کاری نووسین و داڕشتن دەکەن.

خشتەی (٦) : کەناڵی کارکردن سامپڵی توێژینەوەکە

| کەناڵی کارکردن | دووبارە بوونەوەکان | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|
| سایت | 47 | ٪57.31 |
| تەلەفزیۆن | 11 | ٪13.41 |
| ڕادیۆ | 8 | ٪9.78 |
| گۆڤار و ڕۆژنامە | 9 | ٪10.97 |
| میدیاکاری سەربەخۆ | 7 | ٪8.53 |
| کۆی گشتیی | 82 | ٪100 |

٧- سرووشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیایی ئەلیکترۆنیی کوردیی دا

خشتە ژمارە (٧) ڕوونیدەکاتەوە شیکردنەوەی (سروشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیایی ئەلیکترۆنیی کوردیی دا)، دەریدەخات هەریەکە لە (دووبارەبوونەوەکان و ڕێژەی سەدیی و ناوەندی ژمارەیی و لادانی پێوانەیی و گرنگیی ڕێژەیی بۆ هەر پرسیارێك کە تایبەتە بە توێژینەوەکە) بۆ پێوەری (زۆر لەگەڵیدام، لەگەڵیدام، دڵنیانیم، لەگەڵیدا نیم، زۆر لەگەڵیدا نیم) کە (١٠) پرسیار لە خۆی دەگرێت، دەردەکەوێت ڕێژەی (زۆر لەگەڵیدام) بریتییە (٢١,٣٤٪) هەروەها ڕێژەی (لەگەڵیدام) بریتیە لە (٢٦,٧١٪) هەروەها ڕێژەی (دڵنیانیم) بریتیە لە (١٧,٤٤٪) لە کاتێکدا ڕێژەی (لەگەڵیا نیم) دەکاتە (٢٠,١٢٪) هەروەها ڕێژەی(زۆرلەگەڵیا نیم) دەکاتە (١٤,٣٩٪). کۆی ڕاپرسییەکە بە ناوەندە ژمێرەی ( ٣,٢٠٪) و لادانی پێوانەیی (١,٣٦٪) و بە ڕێژەی (٦٤٪) و ئەنجامی ڕاپرسییەکەش بە ( دڵنیانیم) کەوتووەتەوە.

بەگوێرەی ئەنجامی یەکە بە یەکەی پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەوە، ئەنجامەکان جیاواز کەوتوونەتەوە وەک لە خشتەکەدا دیارن. پرسیاری (یەکخستنی زمانی نووسین و داڕشتنی پەیامە میدیاییەکان لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە یەك شێواز، کارێکی زۆر پێویستە) لە پلەی یەکەم دێت بە نێوەندی ژمێرەیی (٤,٠٨) کە

گرنگیـی ژمێرەییەکـەی (٨١,٦٪) و بەرزترییـنـە لەنـاو هەمـوو پرسـیارەکانی تـردا و رییزبەندیـی یەکەمـی وەرگرتـووە و، ئەنجامـی راپرسـییەکەش بـە (لەگەڵیـدام) کەوتۆتـەوە، وادەردەکەوێـت، کـە وەرگـری پەیامـەکان هەسـت بـە پـەرت و بـڵاوی لەزمانـی نووسـین دا دەکـەن، بـەم ئەنجامـەش بەرتویـژان بـە پێویسـتیی دەزانـن یەکخسـتنی زمـان پێویسـتە. بـەڵام پرسـیارەکانی:

(لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، پێویسـتە هـەردوو شـێوەزاری کرمانجـی باشـوور و کرمانجـی باکـوور بەکاربهێنرێـت) و (لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا زمانێکـی نووسـینی یەکگرتـوو نیـە) و (بەکارهێنانـی هەندێـك دەسـتەواژەی نامـۆ لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، بووەتـە هـۆی پەرتکردنـی زمانـی کـوردی و تۆخکردنـەوەی ناوچەگەرێـت). کـە ناوەنـدە ژمێرەییەکانیـان (٣,٦٢,٣,٦٧,٣٨٥) یـەک لـە دوای یـەک و راپرسـییەکانی ئـەم سـێ پرسیارە لـە رییزبەندیـی (٤,٣,٢)دا دێـن، هەرسـێکیان هەمـان ئەنجامـی رییزبەندییـە یەکەمەکەیـان بەدەسـتهێناوە و (لەگەڵیـدام). ئـەم چـوار پرسـیارەی یەکـەم یـەک بابەتییـان هەیـە کـە نیگەرانیـی و پەرۆشـییە لـە هەمـان کاتـدا، بـۆ بەکارهێنانـی زمانێکـی نووسـینی یەکگرتـوو و، بەکارهێنانـی هـەردوو کرامنجیـی باکـوور و باشـوور لـە سـایت و میدیـای کوردیـی دا.

پرسـیارەکانی (لەسـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، رێنمایـی پێویسـت دەدەرێتـە نووسـەر و هەواڵسـازەکان، بـۆ شـێوازی دارشـتنی پەیامەکانیـان)،( لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، زمانـی ئەدەبیـی زاڵـە بەسـەر نووسـین، زیاتـر لـە زمانـی میدیایـی)، (لـە شـێوازی دارشـتنی پەیامـە میدیاییـەکان لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، ئایدیـا و فەلسـەفەی سیاسـی سـایتەکە رەنـگ ناداتـەوە) ، ( سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان بوونەتـە هـۆی گەشـەدان بـە زمانـی کـوردی) کـە گرووپـی چـوار پرسـیاری تـرن کـە ناوەنـدە ژمێرەییەکانیـان (٢,٦٢,٢,٨٥,٢,٩٨,٣,٢٣) ن و وەک رییزبەندیـی (٨,٧,٦,٥) دان بـەڵام ئەنجامـی راپرسـییەکەیان (دڵنیانیـم)، ئەگەرچیـی سـێ پرسـیاری یەکەمیـان بـاس لـە زاڵێتیـی سیاسـەتی میدیـا ئـەکات بەسـەر نووسـەر و میدیاکارەکانـی دا، هـەر لـە زمانـی نوسوسـین هەتـا فەلسـەفەی نووسـین بـە پێـی رێنمایـی سـایتەکە دادەرێژرێـت، لەمـەدا ئەنجامـەکان گونجـاون کاتێـک بەرتوێـژ ئـاگای لـەوە نییـە چـۆن ئـەو سـایتە بەڕیوەدەچێـت و سیاسـەتی چۆنـە. هەرچـی چوارەمیشـە لـەم گرووپـە، کـە پێوەسـتە بە گەشـەکردنی زمانـی کوردییـەوە، دیسـانەوە بەرتوێـژەکان لایـان ئاسـان نییـە ئـەو جووڵـە زمانەوانییـە بەدیبکـەن لـە سـایتێکەوە بـۆ سـایتێکی تـر، دیسـانەوە ئەنجامەکـە زۆر گونجـاوە کـە ئـارای سـەرنج و تێگەیشـتنی درووسـت پیشـاندەدات کـە نازانـن و دڵنیانییـن.

دەمێنێتـەوە، دوو پرسـیاری کۆتایـی (بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی عەرەبـی و ئینگلیـزی لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا، دەبێتـە هـۆی دەوڵەمەندکردنـی زمانـی کـورد.) بـە ناوەندەژمێرەیـی (٢,٥٨) و (لـە سـایتە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا رەچـاوی رێنـووس و خاڵبەندیـی دەکرێـت)، بـە ناوەندەژمێرەیـی (٢,٥٣) کـە هەردووکیـان ئەنجامەکانـی (لەگەڵیدانیـم) و لـە رییزبەندیـی (١٠,٩)دان یـەک لـەدوای یـەک. بەرتوێـژان زایینـن کـە نووسـینی سایتەکان پڕبکرێـن بـە دەسـتەواژە و زاراوەی زمانـی تـری وەک ئینگلییزیـی و عەرەبیـی لەپـای ئـەوە کـە ئاسـتی تێگەیشـتن و شـلێتیی هـەواڵ و باسـەکان کەمدەکاتـەوە بـۆ خوێنـەر یـان بیسـەر. لـە دوایـن پرسـیاردا، بەرتوێـژەکان بـە وردییـەوە وەڵام دەدەنـەوە کـە خاڵبەندییـو رێنـووس کێشـەیەکی گەورەیـە لـە میدیـای کوردیـی دا و پێیـان وا نییـە کـە بایـەخ بـەو لایەنـە گرنگـەی نووسـین درابێـت.

خشتەی (٧) : ئەنجامە ئامارییەکانی ڕاپرسییەکان سەبارەت بە سرووشتی هونەری نووسین لە داڕشتنی پەیامی میدیای ئەلیکترۆنیی کوردیی دا

| پرسیارەکان | زۆر لەگەڵیدام | | لەگەڵیدام | | دڵنیا نیم | | لەگەڵیدا نیم | | زۆر لەگەڵیدا نیم | | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پیوانەیی | کێشی ڕێژەیی | ئەنجامەکان | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Fr. | % | Fr. | % | Fr. | % | Fr. | % | Fr. | % | Mean | S.D | | | |
| یەکخستنی زمانی نووسین و داڕشتنی پەیامە میدیاییەکان لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بە یەك شێواز، کارێکی زۆر پێویستە. | 43 | 52.44 | 18 | 21.95 | 11 | 13.41 | 5 | 6.10 | 5 | 6.10 | 4.08 | 1.21 | 81.6 | لەگەڵیدام | 1 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، پێویستە هەردوو شێوەزاری کرمانجی باشوور و کرمانجی باکوور بەکاربهێنرێت. | 30 | 36.59 | 30 | 36.59 | 8 | 9.76 | 8 | 9.76 | 6 | 7.32 | 3.85 | 1.23 | 77 | لەگەڵیدام | 2 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا زمانێکی نووسینی یەکگرتوو نیە. | 35 | 42.68 | 17 | 20.73 | 4 | 4.88 | 20 | 24.39 | 6 | 7.32 | 3.67 | 1.42 | 73.4 | لەگەڵیدام | 3 |
| بەکارهێنانی هەندێك دەستەواژەی نامۆ لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، بووەتە هۆی پەرتکردنی زمانی کوردی و تۆخکردنەوەی ناوچەگەرێتی. | 29 | 35.37 | 23 | 28.05 | 9 | 10.98 | 12 | 14.63 | 9 | 10.98 | 3.62 | 1.38 | 72.4 | لەگەڵیدام | 4 |
| لەسایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ڕێنمایی پێویست دەدەرێتە نووسەر و هەواڵسازەکان، بۆ شێوازی داڕشتنی پەیامەکانیان. | 12 | 14.63 | 25 | 30.49 | 20 | 24.39 | 20 | 24.39 | 5 | 6.10 | 3.23 | 1.16 | 64.6 | دڵنیا نیم | 5 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، زمانی ئەدەبی زاڵە بەسەر نووسین، زیاتر لە زمانی میدیایی. | 5 | 6.10 | 28 | 34.15 | 15 | 18.29 | 29 | 35.37 | 5 | 6.10 | 2.98 | 1.09 | 59.6 | دڵنیا نیم | 6 |
| :لەشێوازی داڕشتنی پەیامە میدیاییەکان لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، ئایدیا و فەلسەفەی سیاسی سایتەکە ڕەنگ ناداتەوە. | 5 | 6.10 | 21 | 25.61 | 29 | 35.37 | 11 | 13.41 | 16 | 19.51 | 2.85 | 1.19 | 57.0 | دڵنیا نیم | 7 |
| سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکان بوونەتە هۆی گەشەدان بە زمانی کوردی. | 4 | 4.88 | 26 | 31.71 | 10 | 12.20 | 19 | 23.17 | 23 | 28.05 | 2.62 | 1.32 | 52.4 | دڵنیا نیم | 8 |
| بەکارهێنانی دەستەواژەی عەرەبی و ئینگلیزی لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا، دەبێتە هۆی دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی. | 9 | 10.98 | 12 | 14.63 | 19 | 23.17 | 20 | 24.39 | 22 | 26.83 | 2.58 | 1.32 | 51.6 | لەگەڵیدا نیم | 9 |
| لە سایتە ئەلیکترۆنییە کوردییەکاندا ڕەچاوی ڕێنووس و خاڵبەندیی دەکرێت. | 3 | 3.66 | 19 | 23.17 | 18 | 21.95 | 21 | 25.61 | 21 | 25.61 | 2.53 | 1.21 | 50.6 | لەگەڵیدا نیم | 10 |
| کۆی گشتیی | 175 | 21.34 | 219 | 26.71 | 143 | 17.44 | 165 | 20.12 | 118 | 14.39 | 3.20 | 1.36 | 64.10 | دڵنیا نیم | ١-١٠ |

ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکەی خشتەی (٧)، بەپێی ئەم مەودایانەی لە خشتەی (٨) دایە پێوانەیان بۆکراوە:

خشتەی (٩) ئەنجامی ڕاپرسییەکان

| ئەنجام | کێش | پێوەر |
|---|---|---|
| زۆر لەگەڵیدام | 5 | 5.00-4.30 |
| لەگەڵیدام | 4 | 4.20-3.50 |
| دڵنیا نیم | 3 | 3.40-2.70 |
| لەگەڵیدا نیم | 2 | 2.60-1.90 |
| زۆر لەگەڵیدا نیم | 1 | 1.80-1.00 |

٨-ژانرەکانی هونەری نووسین، سامپڵی هونەریی توێژینەوەکە

لەخشتەی (٨)کە سەبارەت بە ژانرەکانی هونەری نووسینە، تێیدا (هەواڵ) لەماڵپەڕی (Pukmedia)، بە ڕێژەی (٩٦,٠١٪)، بە پلەی یەکەم دێت لە رووی گرنگیدانی ماڵپەڕەکە بە ژانری هەواڵ، لەبەرئەوەی خودی ماڵپەڕەکە هەواڵییە، دووبارەبوونەوەی هەواڵ لەم خشتەیە (٣٥٩١) پاشان ژانری (وتاری رۆژنامەنووسیی) پلەی دووەمە بە ڕێژەی (١,٩٥٪) دێت، کە دووبارەکەی (٧٣) وتارە لەماوەی وەرگیراوی سامپڵی توێژینەوەکە، دواتر (راپۆرتی رۆژنامەوانیی) بە پلەی سێیەم بە ڕێژەی (١,٤٧٪) دێت، کە دووبارەبوونەکەی راپۆرت (٥٥)، پاشان (چاوپێکەوتنی رۆژنامەوانیی) بە پلەی چوارەم و بە ڕێژەی (٠,٥٦٪) دێت، کە دووبارەبوونەکەی (٢١) چاوپێکەوتنە. کۆتا ژانری رۆژنامەوانیی بریتییە لە (بەدواداچوونی رۆژنامەنووسیی) کە بە پلەی (٥) دێت بە ڕێژەی (٠,٠٠)، ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ماڵپەری ناوبراو بەهیچ جۆرێك لە ماوەی سامپڵی وەرگیراو ژانری (بەدواداچونی رۆژنامەنووسیی) جێبەجێنەکراوە. وەك لە خشتەکە دەردەکەوێ، کۆی گشتیی ژانرەکانی رۆژنامەوانیی لە ماوەی سامپڵی وەرگیراو بریتییە لە (٣٧٤٠) ژانری هونەری نووسین.

لە خشتەی ژمارە (٩) لە خشتەکەدا تایبەت بە ماڵپەری بە ماڵپەڕی (Speda TV)، کە تێیدا ژانرەکانی هونەری نووسین جیاکراونەتەوە بەم شێوەیە: ژانری (هەواڵ) بە پلەی یەکەم و بە ڕێژەی (٩٦,٥٨ ٪) دێت، لە رووی گرنگیپێدانی ماڵپەڕەکە بە هەواڵ کە تێیدا هەواڵ (٩٦١) دووبارەبوونەوەی تێدایە، دواتر ژانری (وتاری رۆژنامەنووسیی) بە پلەی دووەم هاتووە بە ڕێژەی (٣,٤١٪) کەتێیدا وتارەکان (٢١) جار دووبارەبوونەتەوە. پاشان هەر یەك لەژانرەکانی (راپۆرت، بەدواداچوون، چاوپێکەوتن) دێن بە ڕێژەی (٠,٠٠) کە ئەمەش دەرخەری ئەو ئەوەیە کە ماڵپەڕی ناوبراو هییچ یەکێك لەو ژانرانەی بەکارنەهێناوە، لە بەرئەوەی مااڵپەڕکە تایبەتە بە تەلەفزیونیی (Speda TV)، گرنگیی بە بابەتی ژانرەکانی هونەری نووسین نەداوە، تەنها (راپۆرت، چاوپێکەوتن، بەدواداچوون) بەشێوەی ڤیدیۆی لەماڵپەڕەکە بوونیان هەیە، وە کۆی گشتیی ژانرەکانی هونەری نووسین لە ماڵپەری (Speda TV)، بریتییە لە (٩٩٥) ژانری هونەری نووسین.

خشتەی (٩) ژانرەکانی هونەری نووسین، سامپڵی توێژینەوەکە

| سایتی ئەلیکترۆنیی / ژانرەکانی هونەری نووسین | Pukmedia | | | Speda TV | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی | دووبارە | ڕێژەی سەدیی | ریزبەندیی |
| هەواڵ | 3591 | 96.01 | 1 | 961 | 96.58 | 1 |
| وتاری رۆژنامەوانیی | 73 | 1.95 | 2 | 34 | 3.41 | 2 |
| راپۆرتی رۆژنامەوانیی | 55 | 1.47 | 3 | 0 | 0.00 | ---- |
| بەدواداچوون | 0 | 0.00 | ---- | 0 | 0.00 | ---- |
| چاوپێکەوتن | 21 | 0.56 | 4 | 0 | 0.00 | ---- |
| کۆی گشتیی | 3740 | 100 | | 995 | 100 | |

٩-جۆرەکانی هەواڵی میدیایی

لـە خشـتەی ژمـارە (١٠) کـە تایبەتـە بـە جـۆری هەواڵـەکان، لەماڵپـەڕی (Pukmedia)، هەواڵـی سیاسـیی بـە پلـەی یەکـەم دێـت بـە ڕێـژەی (٤٢,٦٠ ٪) بـە دووبارب‌وونـەوە (١٥٣٠) هـەواڵ لـە مـاوەی وەرگیرانـی سـامپڵی توێژینەوەکـە، دواتـر هەواڵـی ئابووریـی بـە پلـەی دووەم بـە ڕێـژەی (١٣,٢٨٪) دێـت و بـە دووبارەبوونـەوەی (٤٧٧)،پاشـان هەواڵـی تەندرووسـتیی بـە پلـەی سـێیەم و بـە ڕێـژەی (١٠,١٠٪) هاتـووە و، بـە دووبارەبوونـەوەی (٣٦٣) هـەواڵ لـە مـاوەی وەرگیـراوی سـامپڵی توێژنەوەکـە کـە لەمـاوەی دیاریکـراودا، نەخوشـی کرۆنـا بەشـێوەیەکی بەرچـاو بەربڵاوبـوو، ئەمـەش ئـەوە دەسـەلمێنێت کـە ماڵپـەڕی (Pukmedia) گرنگیـی بـە هەواڵـی تەندرووسـتی داوە سـەرەڕای هەواڵەکانـی تـر، ئینجـا هـەر یـەك لـە هەواڵـی ئەدەبیـی و هونـەری بـە پلـەی چـوارەم و بـە ڕێـژەی (٥,٠١٪) هاتـوون بـە دووبارەبوونـەی (١٨٠) هـەواڵ، دواتـر بـە پلـەی پێنجـەم هەواڵـی کۆمەڵایەتیـی بـە ڕێـژەی (٤,٨٤ ٪) هاتـووە بـە دووبارەبوونـەوەی (١٤٧) هـەواڵ و بـە پلـەی شەشـەم هەواڵـی ڕۆشـنبیریی بـە ڕێـژەی (٤,٦٨ ٪) بـە دووبـارە بوونـەوەی (١٦٨) هـەواڵ و، بـە پلـەی حەوتـەم هەواڵـی زانسـتیی بـە ڕێـژەی (٣,٧٥ ٪) دێـت بـە دووبارەبوونـەوەی (١٣٥) هـەواڵ و بـە پلـەی هەشـتەم هەواڵـی وەرزشـیی دێـت بـە ڕێـژەی (٢,٣٣ ٪) بـە دووبـارەی (٢٦) هاتـووە، کۆتـا پلـە بریتییـە لـە هەواڵـی ئایینیـی و بـە ڕێـژەی (٠,٢٥ ٪) هاتـووە و بەدووبـارەی (٩) هـەواڵ بـە پلـەی (٩)، کـۆی گشـتیی جـۆری هەواڵـەکان بریتییـە لـە (٣٥٩١) هـەواڵ لـە مـاوەی وەرگیـراوی سـامپڵی توێژینەوەکـە.

لـە خشـتەی ژمـارە (١٠) کـە بەشـێکی تایبەتـە بـە جـۆری هەواڵـەکان لـە ماڵپـەڕی (Speda TV) کـە تێیداهاتـووە، هەواڵـی سیاسـیی بـە پلـەی یەکـەم دێـت بـە ڕێـژەی (٥٢,٣٤ ٪)، بـە دووبارەبوونـەوەی (٥٠٣) هـەواڵ . هەواڵـی تـر بـە پلـەی دووەم دێـت بـە ڕێـژەی (١٥,٥٠) بـە دووبارەبوونـەوەی (١٤٩) هـەواڵ. دواتـر بـە پلـەی سـێیەم هەواڵـی ئابووریـی دێـت بـە ڕێـژەی (١٠,٣٠ ٪)، بـە دووبـارەی (٧٨) هـەواڵ. بـە پلـەی چـوارەم هەواڵـی زانسـتیی دێـت بـە ڕێـژەی (٨,١١ ٪) بـە دووبـارەی (٩٩) هـەواڵ. بـە پلـەی پێنجـەم هەواڵـی ئایینیـی هاتـووە بـە ڕێـژەی (٧,٤٩ ٪) و بـە دووبـارەی (٧٢)، هەواڵـی وەرزشـیی بـە پلـەی شەشـەم دێـت بـە ڕێـژەی (٢,٧٠ ٪) بـە دووبـارەی (٢٦) هـەواڵ، پاشـان هەواڵـی تەندروسـتیی بـە پلـەی حەوتـەم دێـت بـە ڕێـژەی (١,٧٦ ٪)، بـە دووبـارەی (١٧) هـەواڵ، ئینجـا هەریـەك لـە هەواڵـی ئەدەبیـی و هونەریـی بـە پلـەی هەشـتەم دێـت بـە ڕێـژەی (٠,٤١ ٪) وبـە دووبـارەی (٤) هـەوال، کۆتـا پلـە هەواڵـی کۆمەڵایەتیـی دێـت بـە ڕێـژەی (٠,٣١٪) بـە دووبـارەی (٤) هـەواڵ. کـۆی گشـتیی جـۆری هەواڵـەکان لـە مـاوەی سـامپڵی وەرگیـراو لـە ماڵپـەڕی ناوبـراو بریتیـە لـە (٩٦١) هـەواڵ .

خشتەی (١٠) تایبەت بە جۆری هەواڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکە

| سایتی ئەلیکترۆنیی / جۆری هەواڵ | Pukmedia | | | Speda TV | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێـژەی سـەدیی | ڕیزبەندیی | دووبارە | ڕێـژەی سـەدیی | ڕیزبەندیی |
| سیاسی | 1530 | 42.60 | 1 | 503 | 52.34 | 1 |
| ئایینی | 9 | 0.25 | 9 | 72 | 7.49 | 5 |
| ئابوریی | 477 | 13.28 | 2 | 99 | 10.30 | 3 |
| زانستیی | 135 | 3.75 | 7 | 78 | 8.11 | 4 |
| وەرزشیی | 84 | 2.33 | 8 | 26 | 2.70 | 6 |
| ڕۆشنبیریی | 168 | 4.67 | 6 | 10 | 1.04 | 9 |
| تەندروستیی | 363 | 10.10 | 3 | 17 | 1.76 | 7 |
| ئەدەبیی وهونەریی | 180 | 5.01 | 4 | 4 | 0.41 | 8 |
| کۆمەڵایەتیی | 174 | 4.84 | 5 | 3 | 0.31 | 9 |
| هی تر | 471 | 13.11 | 3 | 149 | 15.50 | 2 |
| کۆی گشتیی | 3591 | 100 | | 961 | 100 | |

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە:

لـەدوای شـیکردنەوەی داتـا و زانیارییەکانـی توێژینەوەکـە و خسـتەڕوویان، بەبەکارهێنانـی چەندیـن ڕێـگا و شـێوازی شـیتەڵکاریی و ئامارییـ.

١- زۆرینـەی سـامپڵی توێژینەوەکـە لـە فۆرمـی ڕاپرسـیی دایـە، کـە تایبـەت بـوو بـەو میدیاکارانـەی لەبـواری نووسـین و داڕشـتن لەمیدیـا ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان دا کاردەکـەن، پێیانوایـە یەکخسـتنی زمانـی نووسـین وداڕشـتنی پەیامـە میدیاییـەکان لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان بەیـەك شـێواز، کارێکـی زۆر پێویسـتە بـۆ بەسـتاندارکردنی زمانـی نووسـین و یەکخسـتنی شـێوازەکان لـە فۆرمێکـی نووسـین دا.

٢-لەماڵپـەڕە کوردییەکانـدا وەك پێویسـت ڕەچـاوی ڕێنـووس وخاڵبەندیـی ناکرێـت، ئەمـەش بـووە بـە هـۆکاری ئـەوەی کـە خوێنـەر، لەکاتـی خوێندنـەوەی بابەتـە ڕۆژنامەوانییـەکان دا هەسـت بـە لەیەکچـوون و تێکەڵیـی لـە پەیـام و وشـەکان دا بـکات، ئەمـەش لـە ماڵپەڕێـك بـۆ یەکێکـی تـر جیـاوازە. ئـەوەش دەردەکـەوێ کـە کەسـی شـارەزا و پسـپۆڕی تایبـەت لـە بـواری زمـان دا لـە ماڵپـەڕەکان دا کـەم بێـت.

٣- بەکارهێنانـی دەسـتەواژەی بیانیـی بـە تایبەتیـی دەسـتەواژەی عەرەبیـی وئینگلیزیـی وهتـد.. دەسـتەواژەی نامـۆ نەبـووە بـە هـۆکاری دەوڵەمەندکـردن، بەڵکـو بـووە بـە هـۆکاری پەرتکردنـی زمانـی کوردیـی و تۆخکردنـەوەی شـێوەزاری ناوچەیـی لـە داڕشـتنی نووسـینی پەیـام لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان دا.

٤- پێویسـتە نووسـینی پەیـام لـە ماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییەکانـدا بـە هـەردوو شـێوازی کرمانجیـی خـواروو و سـەروو بنووسرێـت، لەبەرئـەوەی یـەك شـێوە ڕێنـووس لـە زمانـی کوردیـی دا نییـە، زمانـی ناوچـە زاڵـە بەسـەر کەناڵەکانـی میدیـادا بەهـۆی ئـەوەی لـە هـەر ناوچەیەکـی کوردسـتان کەناڵـی ناوچەیـی هەیە، ئـەوەش بووەتـە هـۆکاری پەرتبوونی شێوازی نووسـین لـە میدیـا. بـە گشـتیی

٥- ئـەوە دەردەکەوێـت ڕێنمایـی پێویسـت نـادرێ بـەو ڕۆژنامەنووسـانەی لەماڵپـەڕە ئەلیکترۆنییـە کوردییـەکان دا کاردەکـەن. بەڵکـو هەریەکەیـان بـە پێـی بۆچـوون و ئاسـتی ڕۆشـنبیریی و شـارەزایی خۆیـان و بەپێـی سیاسـەتی کەناڵەکـە کاری هەواڵسـازیی و داڕشـتن بـۆ پەیامەکانیـان دەکـەن .

٦-زمانـی نووسـین لەماڵپـەڕە کوردییـەکان دا بـە شـێوەیەکی سـادە پەیامەکانیـان دادەڕێـژن و ئاراسـتەی دەکـەن بـۆ ئـەوەی بەشـێوەیەکی سـاناو سـاکار بـگات بـە خوێنـەر و وەرگـر، ئەمـەش بەپێـی ژانـرە ڕۆژنامەوانییەکانـە، کـە ژانـری نووسـینی هـەواڵ زۆر بـە شـێوەیەکی سـادەتر دادەڕێژرێـت.

٧-زۆرینـەی بەرتوێـژان، ئـەو میدیاکارانـەی کاری هەواڵسـازیی و داڕشـتن لـە ماڵپـەڕە کوردییـەکان دەکـەن، هەڵگـری بڕوانامـەی (دیپلـۆم و بەکالۆریـوس) ن، پلـەی یەکەمـی بەشـداربوونیان لـەم توێژینەوەیـەدا وەرگرتـووە.

٨- زۆرینـەی بەرتوێژانـی توێژینەوەکـە لـە توخمـی (نێـر) لـە پلەیـی یەکەمـدان، ئـەوە دەریدەخـات کـە زۆرینـەی ئـەو میدیاکارانـەی لـە میدیایـی ئەلیکترۆنیـی کوردیـی دا کاردەکـەن ڕەگـەزی نێرینـەن.

٩-بەپێـی ئەنجامەکانـی توێژینەوەکـە زۆربـەی ماڵپـەڕە ئەلیکترونییەکوردییـەکان لەلایـەن پارتـە سیاسـییەکانەوە خاوەندارێتیـی دەکرێـن و زۆرینـەی پەیامـەکان لـە شـێوەی داڕشـتنی مەبەسـتداردا ئاراسـتە دەکرێـن. میدیـای حوکومیی و ئەهلیـی پەیامەکانیـان زیاتـر گەیاندنـی زانیارییـە بـە وەرگـر.

## راسپاردەکانی توێژینەوە :

١- سـەنتەرەکانی زمـان لـە زانکۆکانـی کوردسـتان گرنگییەکـی زۆر بـە زمـان و شـێوازی نووسـینی کوردیـی بـدەن، ساڵانە فەرهەنگێکـی زمـان و پەرەپێدانـی شـێوازەکانی نووسـین بەچـاپ بگەیەنـێ بـۆ ئـەوەی لە ناوەنـدە ئەکادیمییـەکان کاری لـە سـەربکرێ و، ببێـت بـە بنەمایـەك بـۆ بەسـتاندارکردنی زمانـی کـوردی بـە تایبەتیـی لـە ناوەندەکانـی خوێنـدن و کەناڵـە ئەلیکترۆنییـەکان.

٢-سـازدانی کـۆڕ و کۆنفراسـی زانسـتیی لەلایـەن دامـەزراوە ئەکادیمییەکانـی بـواری میدیـا، بـۆ پەرەپێدانـی زمانـی راگەیانـدن بـە هـاوکاری کۆلێژەکانـی زمـان و کەسـانی شـارەزا و پسـپۆڕی میدیایـی، بـۆ خسـتنەڕووی لایەنـە ئەرێنیـی و نەرێنییەکانـی زمانـی نووسـین و ئاخاوتنـی میدیایـی لـە کەناڵـە جیاجیـاکان دا.

٣-هەموارکردنـەوەی یاسـایی کاری رۆژنامەگەریـی ژمـارە (٣٥) ی سـاڵی (٢٠٠٧)، دانانـی بڕگـە و مـادەی تایبـەت بـە میدیـای (ئەلیکترۆنیـی) و زیادکردنـی برگـەی پێویسـت کـە لەگـەڵ سـەردەمی ئەمـڕۆی کاری رۆژنامەنووسـیی بگونجـێ .

٤- دەرکردنـی یاسـایەکی تایبـەت بـە کاری میدیـای ئەلیکترۆنیـی لـە هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئـەوەی ئازادیـی زیاتـری کاری میدیایـی فەراهـەم بکـرێ، بـەو یاسـایە هەڵسـوکەوت لەگـەڵ رۆژنامەنـووس و بەکارهێنەرانـی میدیـای نـوێ بکـرێ.

کردنـەوەی سـەنتەری لێکۆڵینـەوە لەزانکۆکانیکوردسـتان، بـۆ گرنگییـدان بـە زمانـی نووسـین و کەلتـوری کوردیـی و کردنـەوەی بەشـەکانی دیجتـاڵ میدیـا لـە زانکـۆ و پەیمانـگاکان.

(١) ئەندامانی  هەڵسەنگاندنی  هەر دوو فۆرمی شیکاری ناوەڕۆك و راپرسییی:

١-پ هێـرش رەسـوڵ مـراد، بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان و بازارگـەری، کۆلێـژی تەکنیکـی کارگێـڕی، زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی سـلێمانی.

٢-پ ی د مەغدید خدر سەپان، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین

٣- پ ی د فواد عەلی، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

٤- پ ی د عومەر ئەحمەد رەمەزان، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

٥- پ ی د کاوە عبدولڕەزا، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.٥

٦- پ ی د پاڤی جەمیل ئەحمەد،بەشی راگەیاندنی کۆلێژی زانستە مرڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی

٧- پ ی د شێرکۆ جەبار، بەشی تەکنیکی میدیای کۆلێژی تەکنیکی کارگێری، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی

٨- پ ی د سامان جەلال مەولود، بەشی راگەیاندنی کۆلێژی ئاداب،  زانکۆی سەلاحەدین

٩-پ ی کاروان عەلـی قـادر، بەشـی پەیوەندییـە گشـتییەکان وبازارگـەری کۆلێـژی تەکنیکـی کارگێـڕی، زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی سـلێمانی.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوە کوردییەکان

یەکەم: کتێب بە زمانی کوردیی

کرکوکـی، حەبیـب (٢٠٠٨) هونـەری رۆژنامەنووسـی، وەرگێرانـی سـەمیرە ئەحمـەد، دەسـتگای توێژینەوەوبـڵاو

کردنەوەیموکریـان، هەولێـر.

خزر، سەعد ئەسوە (٢٠١٧)، هونەری نووسین، وەرگێڕانی دڵشاد مەلا عوڵا، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

ریمـۆر، جـف (٢٠٠٨)، ئەلفبێـی کارکـردن لەکەناڵەکانـی ڕاگەیانـدن، وەرگێڕانـی مەجیـد صاڵـح، خانـەی وەرگێـڕان کلتـوری هەرێمـی کوردستان-سـلێمانی.

سەپان، مغدید (٢٠٠٧)، ئەگەر رۆژنامە نووس هات، دەستگای چاپ و پەخش سەردەم سلێمانی.

فانگ،ئیرڤینـگ (٢٠٠٩)، مێـژووی هۆیەلـی گەیانـدن شـەش شۆرشـی زانیـاری ،وەرگیرانـی گـۆران سـەباح، دەسـتگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر.

تاڵەبانــی و رێشــاوی، رێبــەر گــۆران و یەحیــا عومــەر (٢٠٢٠)، میدیــای نــوێ لەســایەی شۆرشــی زانیارییەکانــدا، لەبڵاوکراوەکانـی تـۆڕی ئەکادیمیـاو دیالۆگـی میدیـا، سـلێمانی.

عومـەر، فـاروق عەلـی (٢٠٠٥)، کلیلـی دەسـەڵاتی چـوارەم، وەرگێرانـی هیـوا سـاڵح ئەحمـەد، بەڕێوبەرایەتـی خانـەی وەرگێـراِن، سـلێمانی.

کرکوکـی، حبیـب (٢٠٠٨) پێشـەکییەك بـۆ زانسـتی ڕاگەیـادن، وەرگێڕانـی ڕابـەر رەشـید، دەسـتگای توێژینـەوەی و بڵاوکردنـوەی موکریـان، هەولیـر .

الیـاسری، قەیـس (٢٠٠٣.)، روژنامەنووسـی، وەرگێرانـی سـەلام کەریـم، لـە بڵاوکراوەکانـی کۆمەڵـەی بانگـەوازو روناکبیـری ئیسـلامیی کوردسـتان، سـلێمانی.

گابـار، فلیـپ (٢٠٠٥) بنەماکانـی نووسـین لـە راگەیانـدا، وەرگیرانـی جوامێـر مارابـی، بنکـوی ئەدەبـی و روناکبیـری گەلاوێـژ، سـلیمانی.

-القضاة، علی منعم (٢٠١١): هەواڵ و راپۆرتی رۆژنامەنووسی، وەرگێرانی (دڵشاد مستەفا وەسانی)،

سـەپان، مەغدیـد (٢٠٠٨)، ژانرەکانـی ڕۆژنامەوانـی و مێـژووی چاپخانـە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی خانـی دهۆك.

١٣-ئیبراهیم، ئاریانا (٢٠٢١)، نووسین لەمیدیای ئەلیکترۆنیی دا، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

١٤ – عـزی، عەبدولرحـمان (٢٠١٢)، دەسـتەواژە نوییەکانی میدیاوپەیوەندیپێکردن،وەرگێرانـی بەهزاد حەوێزی،چاپخانەی رۆشـنبیری هەولێر.

١٥-ئیبراهیـم ،ئەرسـەلان (٢٠١٠)، کارامیەکانـی نووسـین لەرۆژنامەگـەری چاپکـراو و ئەلیکترۆنیـی دا، هەولێـر، چاپخانەی حاجی هاشـم.

١٦- سلێمانی، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی بانگەوازو روناکبیری ئیسلامیی کوردستان.

١٧-مەسعودی، ئومید (٢٠٠٢)، بنەماکانی داڕشتن لە میدیاکاندا،وەرگێڕانی (مجید صالح)،سلێمانی، خانەی وەرگێڕان.

## دووەم : توێژینەوە

١٨-یـادگار علـی محمـد (٢٠١٨)، رۆڵـی میدیـای ئەلیکترۆنیـی لـە دروسـتکردنی وێنـای (حەشـدی شـەعبی) لای خوێندکارانـی زانکـۆ، گۆڤـاری زانکـۆی گەرمیـان، ژمـارە٤،

١٩-کاوە عزالدیـن عەبدولرحـمان، بەرهـەم خالیـد ئەحمـەد، یوهـان عوسـمان حەمەحسـین، (٢٠٠٦) (شیوازوداڕشـتنی هـەواڵ لـە مالِپـەڕە ئەلیکترۆنییەکانـدا مالپـەڕی تـۆڕی میدیایـی رووداو بەنمونـە، گۆڤـاری زانکـۆی هەڵەبجـە، خولـی

یەکەم ژمارە ٣.
عەبدولخالق ئیبراهیم مستەفا (٢٠٢٠)( بە ناونیشانی( رۆلی پێگەی ئەلیکترۆنی کوردی لە هۆشیارکردنەوەی جەماوەر بە ئاسایشی نەتەوەیی لە جەنگی دژی داعش لە هەرێمی کوردستاندا تێزی دکتۆرا، بەشی راگەیاندن، کولێژی ئاداب-زانکۆی صەلاحەدین-هەولێر
بەزمانی عەرەبی:
٢٠- الراوي، مسارع (١٩٨٤)، مقالة: وسائل الاتصال الجماهيري و دورها في نشر لغة عربية صحية، «اللغة العربية و الوعي القومي»- مجموعة من الكتاب، منشورات مركز درسات الوحدة العربية، الطبعة الاولى، ١٩٨٤.بيروت.
-٢١ العياضي، نصر الدين ( ١٩٨٧)، البحث العلمي في علوم الاعلام والاتصال في المنطقة العربية وغياب الافق النظري ، مجلة المستقبل العربي ،
-٢-بلخيرى، رظوان (٢٠١٣)، اشكاليات تطبيق منهج التحليل السيمولوجي، مجلة العلوم الاجتماعية و الانسانية، العدد الثالث عشر، ديسمبر ٢٠١٣
٢٣- حمداوي، جميل(٢٠٠٧)، سيميولوجيا التواصل وسيميولوجيا الدلالة؛ ديوان العرب، فبراير
٢٤- الشريف، سامي و ندا، أيمن منصور، (٢٠٠٤) "اللغة الإعلامية، المفاهيم الأسس والتطبيقات"، مركز جامعة القاهرة،
٢٥. قراد، راضية ( ٢٠١٧)، «اللغة الاعلامية المستخدمة في التلفزيون»، مجلة الرسالة للدراسات و البحوث الانسانية، مج ١ العدد ١.
٢٦-عبيدات و السيد، ذوقان ، د.سهيلة ابو السيد (٢٠٠٢)، البحث العلمي البحث النوعي والبحث الكمي، دارالفكر، عمان.
٢٧-عبدالفتاح و الزهرا. فاطمة ، (٢٠١٦) الاندماج الاعلامي وصناعة الاخبار، العربي للنشروالتوزيع، القاهيرة-مصر..
٢٨-الحمامي، الصادق (٢٠٠٦)، لاعلام الجديد مقاربة تواصلية، مجلة الاذاعات العربية، عدد، ٤، يصدرها اتحاد اذاعات الدول العربية.
٢٩-.همام، طللعت (١٩٨٥)، مائة سووال عن الصحافة، دار الفرقات للنشر والتوزيع، الطبفةالثانية الاردن.
٣٠-الشعراوى، أحمد(٢٠٢٠)، مدخل إلى التحرير الإعلامى، دمشق، جامعه الافتراچيه السوريه.
سێیەم: تویژینەوەکانی ماستەر و دکتۆرا:
بەزمانی عەرەبی:
٣٢.عمراحمد رمضان (٢٠١٢) دور الصحافة الالكترونية الكوردية في تشكيل الاتجاهات السياسية لَاساتذة جامعة السليماني دراسة ميدانية، رسالةماجستير غير منشورة.
٣٣-.هونەر رسول (٢٠٠٩ (الصحافة الالكترونية - موقع سبي انموذجا) جامعة السليمانيم، رسالة ماجستير غير منشورة.
٣٤-صادق حمە غريب حمەصالح (٢٠٠٨) (الصحافة الالكترونية الكرديە- دراسە مسحيە للصحف الالكترونيە الكرديە (كلاو روژنە، دەنگەكان، كوردستان نێت) جامعة بغداد، كلية الاعلام، رسالة ماجستير غير منشورة.

## ملخص الدراسة:

جاءت هذه الدراسة تحت عنوان (طبيعة فن الكتابة في صياغة الرسالة الإعلامية الألكترونية الكوردية - (– speda pukmedia) أنموذجا)، وقد حاول الباحث الوصول الى نتائج علمية وذلك من خلال الاطارين النظري و التطبيقي، حاولت الدارسة من الناحية التحليلية أن تعرف الصيغة التي تتبعها الصحافة الالكترونية الكوردية لصياغة الرسائل الإعلامية و كذلك قالب الكتابة وطبيعة فن الكتابة في الاعلام الالكتروني الكوردي، و كذلك عرض الكتابات التي تنشرها المواقع الالكترونية الكوردية حسب طبيعة الكتابة الصحفية.

ومن أهم الاستنتاجات التي توصل اليها الباحث: أن معظم المبحوثين الذين يعملون في مجال الكتابة الصحفية يؤكدون على ضرورة توحيد لغة الكتابة والصياغة الفنية في المواقع الالكترونية الكورية بصيغة واحدة. وأن المواقع الألكترونية الكوردية لا تراعي شروط الكتابة والتنقيط، الأمر الذي أحدث حالة من الاربكاك لدى متلقي الرسالة الإعلامية، ويتضح من كل ذلك عدم وجود أشخاص ذوي خبرة وكفاءة من مجال اللغة والكتابة الصحفية في المواقع الألكترونية الكوردية. ومن النتائج التي توصلت اليها الدراسة ضرورة الكتابة باللهجتين الكرمانجية الشمالية والجنوبي وذلك لعدم وجود لغة موحدة في الكتابة وغلبة لهجة محلية على طبيعة الكتابة في المواقع الألكترونية الكوردية.

من النتائج التحليل المضمون الأخرى التي توصل اليها الباحث، بانه الاعلام الكردي سياسية اكثر مما هو مهتم بجوانب اخرى. ذلک من خلال المواضيع والكتابة الاعلامية التی استنتجها الباحث يظهرنماذج عدة من موقعين المذكورين من البحث، بانه سياسي بحت، تكتب وترسل الرسائل بايدلوجية خاصة لذلك لم ولن يكون سببا كي يتمكن الاعلام اللكتروني الكردي الى ايجاد لغة كردية مشتركة ما يسمى باللغة الموحدة.

الكلمات المفتاحية : الرسالة، الموقع الألكتروني، فن الكتابة، الاعلام المعاصر

**"The Nature of the Art of Writing in the Writing of Kurdish Wlectronic Media Messages"**

**(Speda – Pukmedia as A Samples)**

## Summary

This research which is entitled "The nature of the art of writing in the writing of Kurdish electronic media messages" (speda – pukmedia as samples), has tried to achieve a set of goals, in the context of both theoretical and theoretical aspects. Practically classified, in terms of analysis, the research aims to determine how it is written in Kurdish electronic media. It also presents articles that are published daily on the Kurdish website according to the nature of their writing.

This study goes into the context of described research and the method of survey ingenuity, based on the method of analyzing content and choosing the genres of journalism that are in both the speda-pukmedia website has been written and published, through the purposeful Infamous sample by receiving and analyzing items taken as samples. One of the most important results of the research: shows that most of the researchers in the survey form that specific to the journalists in the field of writing and writing

in Kurdish electronic media. They believe that unifying the language of writing and writing media messages on Kurdish websites in one way is very necessary to standardize the language of writing and merge the style into a writing form.

The result of the research analysis shows that Kurdish media is mostly political. the writings and objects received from the sample pages are more political. the messages are written according to the special ideas which are why media became the factor for uniforming the writings.

Keywords: messages, electronic pages, writing styles, new media